راپەڕینی کوردان ١٩٢٥

پروفیسور م. أ. حەسرەتیان

راپەڕینی کوردان
ساڵی ١٩٢٥

نووسینی

پرۆفیسۆر م. أ. حەسرەتیان

وەرگێڕانی

جەلال دەباغ

٢٠٠٦

راپەڕینی کوردان

ساڵی ١٩٢٥

ناوی کتێب: ڕاپەڕینی کوردان ساڵی ١٩٢٥
- نووسینی: م. أ. حەسرەتیان
- وەرگێڕانی: جەلال دەباغ
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــه حسين
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- چاپ: کاوە حسین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: (٦٠٠)
- چاپی دووەم: هەولێر ٢٠٠٦
- چاپی یەکەم: ساڵی ١٩٨٤ لە چیاکانی کوردستانی باشوور چاپکراوەو ٢٠٠ دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: -٨٦- (١٨٩)

ISBN 91-973437-7-3

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
2260311

ناوەڕۆك

پێشەکی چاپی کوردی

خوێنەری هێژا و خۆشەویست.!

لەوەتەی دەوروپشتی خۆمان ناسیوە، ئێمە لە کوردستانی عێراق، ناوی شێخ سەعید و هەواڵی راپەڕینە پیرۆزەکەی دەبیستین و کوردستانی تورکیامان لەناوی شێخ سەعید و راپەڕینەکەی کوردان بە رابەرایەتی شێخی نەمر جودا نەکردۆتەوە، بەڵام ئەم ناوبیستن و هەواڵ زانینە زۆر کەم بووە.

کاتێك ئەم دانراوەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان-م خوێندەوە، کە برای هێژا (باقی نازێ) لە روسییەوە کردوویە بە عەرەبی و برای دڵسۆز (باقی شیرین) چاوی پێداگێڕاوەتەوە، یەکسەر بڕیارمدا بیکەمە کوردی، تا چاپ و بڵاوی بکەینەوە و رۆڵەکانی گەلی کوردمان لە کوردستانی عێراق و ئێراندا لێ ئاگادار بکەین. لێرەدا دەمەوێ بڵێم بە تەواوی هاوبیر و هاودەنگم لەگەڵ ئەو وتارە پێویستەدا کە مامۆستای وەرگێڕ بۆ چاپی عەرەبی نووسیوە و سەرەڕای ئەوە دەڵێم ((ئای کە پێویستە رۆڵەکانی گەلەکەمان، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، هەروا رێکخراو و حزب و هێزە نیشتیمانپەروەرەکان بە گشتی، بە وردی و ژیری لەم دانراوە

بچکۆڵەیە، بایەخدار و گرنگە بکۆڵنەوە و لە دەرس و پەند و تاقیکردنەوە مێژووییەکانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید کەڵك و سوودی تەواو وەربگرن. سەرەڕای پەند و دەرسەکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئەوانی تر. رۆژێکیش زووتر دەستبەرداری شەڕی برا کوژی و ناوخۆ بن و بگەنە ئەو راستییە کە یەکێتی و خەباتی هاوبەش مەرجی سەرەکی و زامنی هێنانەدی ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردەو، خۆ ئەگەر گەیشتنە ئەو راستییەش ئەوا هێنانەدی ئەو یەکێتییە سەرکەوتن دابین دەکات)).

لێرەدا دەمانەوێ هەر لەو کاتەدا کە نرخپێدان و ستایشی زۆرمان بۆ نووسەرەکە، مامۆستا (حەسرەتیان) و وەرگێڕی نووسینەکە بۆ زمانی عەرەبی دەربڕین، ئەوەش دووپات بکەینەوە کە زانایان و مێژوونووسانی یەکێتی سۆڤیەت بەگشتی و کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەت بەتایبەتی، بە چەشنێکی راستگۆیانە و دەستپاك و مەوزوعیانە لە بابەتەکانی زانست و مێژوو دەکۆڵنەوە و بایەخیشیان بە مێژووی نەتەوەی ئێمە رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر دەبێ کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شایانی پێزانین و سڵاو و ستایشی نەتەوە چەوسێنراوە بەش بەشکراوەکەمانە.

ئێمە کە وەرگێڕانی کوردیی ئەم نامیلکە بەنرخەی پرۆفیسۆر (حەسرەتیان) پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێزی کورد دەکەین و چاومان بڕیووەتە ئەو رۆژەی نموونەی ئەم نووسینە بەرزەیان تێدا بەزۆربەری زمانەکانی ناوچەکە و

جیهان چاپ و بڵاوەکرێتەوە و بزاڤی رزگاریخوازی کوردیش سەرکەوتنی مەزن بێنێتە دی.

هیوادارین بە وەرگێڕانی ئەم نامیلکە بەنرخە خزمەتێکی بچووکمان بە گەڵ و مێژووی نەتەوەکەمان کردبی.

جەلال دەباغ
تشرینی دووەمی ١٩٨٤

پیشەکی چاپی عەرەبی:

وتارێکی پێویست

ئەم نامیلکەیەی وا لەبەر دەستی خوێنەراندایە لێکۆڵینەوەیەکە لەلایەن مۆنتیل حەسرەتیان- دکتۆری زانستەکانی مێژوویی-یەوە لە گۆڤاری پەیمانگەی رۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای ئەرمەنی لە یەریڤان، بلاوکراوەتەوە. شایانی باسەکە بلێین دکتۆر (حەسرەتیان) هەندێك نووسینی تریشی لەسەر مێژووی گەلی کورد هەیە و تا ئێستاش لەم بوارەدا لەسەر پشکنین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەردەوامە و هەروا سەرۆکی بەشی کوردییە لە پەیمانگەی رۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای ئەرمەنی لە یەریڤان.

حەسرەتیان لەم نامیلکەیەدا باسی راپەڕینەکەی شێخ سەعید دەکات، ئەو راپەڕینەی ناوبانگی لە دنیادا بلاوبۆتەوە و گەلێك لە نووسەران باس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان لەسە نووسیووە. لە ناو رۆڵەکانی گەلەکەماندا کەسێك نییە شتێك لەسەر ئەم راپەڕینە نەزانێت. سەرەڕای ئەوەش بە چاکمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەینە عەرەبی،

چونکە وەك ئێمە بزانین- ئەمە یەکەمین بابەتە لەم جۆرە کە بە عەرەبی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

دکتۆر (حەسرەتیان) زانا و مێژوونووسە و بەگیانی زانایەکی مەوزوعی ئەم راپەڕینەی باس کردووەو سەرەڕای خۆئامادەکردن بۆ راپەڕینەکە واقیعی هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی خستۆتەڕوو. ئەوجا لە رەوتی راپەڕینەکە و هەلومەرجی ئەو کاتە کۆڵیوەتەوە و دواجار باسی کۆتاییهاتنە دڵتەزێنەکەی کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارێکی مەوزوعی و زانستانەیە. لەبەر ئەوە خوێنەر لەوانەیە لەم خاڵەدا لەگەڵیدا هاوبیر بێ و لەو خاڵەدا لەگەڵیدا هاوبیر نەبێ. بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا وا هەست دەکات کە ناچارە راستگۆیی و مەوزوعێتی دانەرەکە رێز لێبگرێت.

خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەدا سەرنجدەدا کەوا کەمالییەکان بە درندەییەکی وا راپەڕینەکەی کوردانیان دامرکاندەوەکە نێوچاوان لە شەرمەزاریدا ئارەقەی بۆ دەڕێژیێ. هەمووانیش ئاگاداری ئەو کوشت و بڕەن کە لە ساڵی ١٩١٥ دا بەرامبەر گەلی ئەرمەن کرا و دەی سا با پێکەوە بروسکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ پارێزگاری حەلەب بخوێنینەوە:

((ئێمە لە بڕیاری جەمعیەت ئاگادارمانکردن کە سەبارەت بە قڕکردن و نەهێشتنی ئەرمەنەکانی تورکیا دراوە. هەر کەس لە دژی ئەم بڕیارە بوەستێت رێگەی نادرێ لە دایەرەکانی دەوڵەتدا فەرمانی بدرێتی یان

لەسەر فەرمان بەردەوام بێ. ئـەو کاروبـارەی دەکـری هەرچـەند سـەخت و دڵڕەقانە بێ بۆ لـەناوبردنیان پێویـستە. گـوێ مەدەنـە تەمـەن و جـنس و ئازاری وێژدان)). جا ئاخۆ ئەو بڕیارە وەك بڕیارەکـانی نازییـەکان نـین کـە لەوە و دوا پەیدابوون؟ جا خوێنەران سـەرنجدەدەن کـە گـەلێك بڕیـاری لـەم بابەتـە و رەنگـە سـەختتریش لەلایـەن حکومـەتی ناهـەمواری تورکیـاوە بەرامبەر گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی تورکیـادا دراوە؟. بـەڵێ وەڵامـی مستەفا کەمال ئاوها بوو، وەڵامی ئەو کابرایەی کە رۆژێك لە رۆژان پەنای بردەبەر ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات و بـەڵێنی بـە گـەلی کـورددا کـە مافـە نەتەوەییەکانی پێبدا.

راپەڕین لە مێژووی گەلی کوردماندا زۆرن، بەڵام کوشت و بڕ و قەسابخانە و سەربڕین بەرامبەری زۆرترن. بزووتنەوەکانی کـورد لـە هـەموو بەشـەکانی کوردستاندا، ئەمڕۆ لە هـەموو کـاتێکی پێـشوو زۆرتـر داوایـان لێـدەکرد مێژووی بزووتنەوەی کـورد بخـوێنن و لێـی بکۆڵنـەوە تـا پەنـد و دەرس و تاقیکردنەوەی لێـوەربگرن و ئـەو هۆیانـە دیاریبکـەن کـە بوونـە مایـەی شکستهێنان و ژێرکەوتنی ئەم یان ئەو بزووتنەوەیە و لەوانەشە کارەکـە بـۆ ئەوە کرابێ تا دووبارە ئەو هەڵانە نەکرێنەوە. چونکە ئـەوە شـورەیی نییـە بزوتنەوەی کورد بکەوێتە هەڵەوە. بەڵام لەڕاسـتیدا شـوورەیی ئەوەیـە کـە روودانی ئەو هەڵانە بەردەوام بن و خۆی لێیان بەدوور نەگرێت. دەشێ ئـەم لێکۆڵینەوەیەی دکتۆر حەسرەتیان لەسەر راپەڕینەکـەی شـێخ سـەعید لـە پێشەنگی ئەو لێکۆڵنەوانەدا بێ کە لەسەر ئێمەی رۆڵەکانی گەلی کورد، چ

کەسان یان ڕێکخراوەکان، پێویستە بیخوێننەوە و کەڵکی لێوەربگرن. بەرپا بوونی شۆڕشەکانی، یەك بە دوای یەك، لە مێژووی گەلەکەماندا بەڵگەی هۆشمەندی تەواو و ئاگادارییە سەبارەت بە باری ژیانی پڕ لە ژانی و چاوبڕینە دوارۆژێکی باشتر و کۆششی بەردەوامی بۆ پێکهێنانی ئەو بەیانییە جوانترە، بەیانی ئازادی و ژیانی پڕ لە شادی. ڕەنگە دکتۆر فوئادیش هەستی بەم خاسیەتە نیشتیمانییەی گەلەکەمان کردبێ، لەو کاتەدا کە بەرەو پەتی سێدارە هەنگاوی دەنا گوتی: ((من هەمیشە خەونی ئەوەم دەدی کە لە پێناوی نیشتمانەکەمدا گیانم بەختکەم، ئێستاش هیچ گومانم لەوە نییە کە ئاڵای سەربەخۆیی لەسەر ئەم خاکەی ئێستا ئێمەی لەسەر لەسێدارەدەدرێین بەرز دەکرێتەوە)).

ئێمە لە کاتێکدا ئەم نامیلکەیە پێشکەشدەکەین بە گەرمی سڵاو و ستایشی ئەو کۆشش و تەقەلایە دەکەین کە زانا و مێژوونووسانی سۆڤیەت بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی مێژوومان و بووژاندنەوەی لایەنە شاراوەکانی بەختی دەکەن.

خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینەکە

ڕاپەڕینەکـەی کـوردان لـە سـاڵی ١٩٢٥ دا، لـە مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، شوێنێکی گرنگی هەیە. سـەرەتای خۆئامـادەکردن بۆ ئەم ڕاپەڕینەی کە پاشان ناوی بە ((ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید)) بـرا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی بیستەکانی ئەم چەرخە. ئـەم ڕاپەڕینـە بەرهـەمێکی چـالاکی کۆمەڵـە نهێنییـەکانی کـورد بـوو، بەتایبـەتی ((کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان)) کە لە ئایاری ١٩٢٣ دا لەم کۆمەڵ بوونانەوە هەڵقوڵابوو. ئەم کۆمەڵەیە نهێنی بوو، لـە چـەند دەسـتەیەکی نهێنی پێکهاتبوو کە هەریەکەیان پێنج کەس بوون. بە پێی ناوی نهێنـی بزووتنەوەکە یەکتریان دەناسی. هـەروا لـە دەرەوەی شـانەکەیان نـەدەبوو یەکتر بناسن، پەیوەندیش لەگەڵ شانەکە بە ڕێگەی یەکێك لە ئەنـدامانی دەستەی بەرەو ژوورترەوە ڕێکدەخرا(*): لەسەر ئەندامەکانی پێویست بـوو ناوی ڕێکخراوەکە بڵاونەکەنەوە، هەر کەسێك ئەوەی بکردایە بـە تونـدی سزا دەدرا. ئەوکاتە عەقید خالد جبری بەگ ڕابەری ڕێکخراوەکە بوو. کە

(*) M. Toker. Seyh Sait ve Isyani Ankara 1968-5-35.

له نزیکخستنه‌وه‌ی حاجی موسای سه‌رۆکی خێلی موتکا له سه‌رکردایه‌تی ڕێکخراوه‌که‌دا به‌شداری کردبوو (حاجی موسا له‌وه‌وبه‌ر ئه‌ندامی نوێنه‌رانی ئه‌و لیژنانه بوو که ساڵی ١٩١٩ له کۆنگره‌ی ئه‌رزرومدا هه‌ڵبژێردرا بوون). هه‌روا عه‌قید جبری به‌گ له نزیکخستنه‌وه‌ی خالدی حوسنی به‌گی سه‌رۆکی خێلی حه‌سنان له سه‌رکردایه‌تی ئه‌م ڕێکخراوه‌یه به‌شداری کردبوو(*). هه‌روا هه‌وڵی ده‌دا دڵی سه‌رۆك خێڵه‌کانی تریش ڕاکێشێ. له‌م ماوه‌یه‌دا کۆمه‌ڵه توانی هه‌ندێك ڕێکخراو له‌ناو سوپادا دامه‌زرێنێ و لایه‌نگیری هه‌ندێك له ئه‌فسه‌ران به‌ده‌ستبخات. له‌ناو ئه‌وانه‌دا ئه‌فسه‌رانی عێراقیش هه‌بوون، ئه‌مه‌ش بووه مایه‌ی ڕێکخستنی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ به‌غدا و حه‌له‌بیش. له‌لایه‌کی تریشه‌وه ڕابه‌رانی کۆمه‌ڵه‌ی سه‌ربه‌خۆیی کوردستان، هه‌وڵیاندا کاربه‌ده‌ستانی ناوخۆ که لایه‌نگیریان بوون، هه‌روا سه‌رۆکی خێڵه‌کانی ڕۆژهه‌لاتی وڵات، له چالاکیاندا به‌شدارییان بکه‌ن. به بیروڕای ئه‌وان ئه‌م هه‌نگاوانه، بۆ سه‌رکه‌وتنی خه‌باتی چه‌کدارانه له پێناوی هێنانه‌دی ئامانجه‌کانی کۆمه‌ڵه‌دا زۆر پێویست بوون(*). یه‌کێك له‌وانه‌ی سه‌رکرده‌کانی کۆمه‌ڵه

(*) خالد حه‌سنان به‌گ سه‌رۆکی خێلی حه‌سنان بوو. هه‌ر له‌و کاته‌شدا ڕابه‌ری چوار که‌تیبه‌ی ((حه‌میدی)) بوو. خالد به‌گ له‌لایه‌ن خێلی حه‌سنانه‌وه که سه‌دان سواره‌ی چه‌کداری هه‌بوو زۆر پشتگیری ده‌کرا.

(*) حوسێن بارزانی. حزب و ڕێکخراوه کۆمه‌لایه‌تییه‌کانی کورد له خه‌باتدا له پێناوی چاره‌ی مه‌سه‌له‌ی کورددا (نامه‌ی دکتۆرا) مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٦، ل٤٥ (به زمانی ڕووسی).

هەولێاندەدا بۆ لای خۆیان راکێشن، شێخ سەعید بوو کە لە کوردستانی تورکیادا خاوەنی ناوبانگ و دەسەڵاتێکی گەورە بوو(*).

شێخ سەعید پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز و سامانێکی زۆری هەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو رابەرانی کۆمەڵەکە بڕیاریاندا پەیوەندی لەگەڵ ببەستن و بۆ کارکردن لەگەڵیان گازیبکەن. لە کۆتایی هاوینی ۱۹۲۳ دا یوسف زەیا (کە یەکێك بوو لە رابەرانی بزووتنەوەی کورد و پێشان نوێنەری بەدلیسی بوو لە پارلەماندا) لە خەنس چووە لای شێخ سەعید و لەم چاوپێکەوتنەدا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە دەنگوباس بۆ یەکتری باسبکەن و دەربارەی رێکخستنی راپەڕینی کوردان کاروبار پێکەوە رێکبخەن.

لە زستانی ۱۹۲۳-۱۹۲٤ دا رابەرانی کورد لە بالو کۆبوونەوە و بڕیاریاندا کە پێویستە چالاکی و هەڵسوڕانی بزووتنەوەی نهێنی کورد گەرمبکەن.

ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەکە هەر لە زۆربووندا بوو؟ جابۆ ئەوەی سەرنجی حکوومەت رانەکێشن رابەرانی بزووتنەوەی کورد بە

(*) شێخ سەعید لە ناوچەی بالو لە ساڵی ۱۸٦٥ دا لە دایك بووە. شێخ عەلی سەبتی باپیری لە کۆتایی چەرخی هەژدەیەمدا لە گوندی سەبتی (نزیك دیاربەکر)ـەوە باریکردووە بۆ بالو لەوێ لەسەر شێخێتی بەردەوام بووە. شێخی نەقشبەندی بووە. شێخ عەلی پێنج کوڕی بووە یەکێکیان شێخ مەحموودی باوکی شێخ سەعید بووە. پاش کۆچکردنی دوایی شێخ عەلی سەبتی شێخ مەحموود لە خەنس نیشتەجێ بوو، هەر لەوێش شێخ سەعید زانیاری ئایینی خوێند. بڕوانە:
Toker-Seyh. Sait ve Isyani. S. 31.

نهێنی و له کۆبوونەوەی تەنگەبەردا بڕیاریان دەدا. بۆ نموونه یوسف زەیا له بەهاری ١٩٢٤ دا لای خالد جبری بەگ له ئەرزڕۆم ((میوان)) بوو که لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیاریاندا، به یارمەتی شێخ مەحمود و ئیسماعیل ئاغای سمکۆ که هەردووکیان له دەرەوەی تورکیا بوون، خێڵه کوردەکان بەتەواوی چەکدار بکەن. هەروا رێککەوتن له رێگەی سوریاوه یادداشتێك بنێرن بۆ کۆمەڵەی نەتەوه یەکگرتووەکان و داوایان لێبکەن یارمەتی به کوردان پێشکەشبکەن. پاشان یوسف زیا نامەیەکی له جبری بەگەوه برد بۆ شێخ سەعید که له کۆمسار بوو (ناحیەی خنس)، ئینجا چووه سەردانی ناوچەکانی تری وەك غویکسو، حاجی هومەر، تورکمان، غوکوگلان، کارلیوفا، ڤارتۆ، بەو چەشنه سەرۆك خێڵەکان لەو بڕیارانەی که درابوون ئاگادارکران(*).

له پایزی ١٩٢٤ دا یوسف زەیا گەیشته ئەستەنبوڵ و لەگەڵ ئەندامانی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخوازدا(*) هەروا لەگەڵ کەسانیتری ناسراوی بەرهەڵستکاری مستەفا کەمالدا پەیوەندیی گرت.

(*) Serif Firat, Dosu Illere ve Varto tarihi Ankara 1961. S.P 126.

(*) حزبی کۆماری پێشکەوتنخواز له تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ دا دامەزراوه. سەرۆکی حزب کازم قەرەبەکر پاشا بوو. ئەمینداری گشتی حزب علی فوئاد پاشا بوو. له بەرنامەی حزبدا: ((پێشکەوتنی کۆمەلایەتی)) و ((ئیسلاحی)) و ((ریزگرتنی ئایینەکان)) و ((نامەرکەزی)) و کاروباری تری ئیسلاحی باسکرابوون. هەندێك له نوێنەرەکانی پێشووی

شتێکی ئاسایی بوو کە چالاکی رابەرانی کورد ببێتە هۆی ئاگاداربوونەوەی کاربەدەستانی تورکیا. هەروا هەندێك لە سەرۆکەکانی خێلی ((خورمیـك)) کە خێلێکی کوردە بـە نهێنـی کاربەدەسـتانی حکومـەتی تورکیایـان لـە ئەنقەرە ئاگادارکرد کەوا راپەڕینێك لە ناوایە و خۆی بـۆ ئامـادە دەکـری. بەپێی فەرمانی راستەوخۆی مستەفا کەمال حکومەتی تورکیا هاتن یوسف زەیا و خالـد جـبری بـەگیان گـرت و لەگـەڵ پاسـەوانداریيەکی تونـدا بـۆ بەدلیسیان ناردن تا لەوێ بدرێنە دادگای سەربازی(*) هەروا حـاجی موسـا کە پێشان ئەندامی لێژنەی نوێنەران بوو گیرا. هەندێ کاروبـاری تریـان بـۆ گرتنی چەندان نیشتمانپەروەری ناسراوی کورد جێبەجێ کرد(*).

واپێویست بوو یەکێك هەڵبژێردرێ کە دوای خالد جبری بەگ و یوسف زەیـا سەرۆکایەتی (کۆمەڵەی سـەربەخۆیی کوردسـتان) بکـات. ئـەوەبوو شـێخ سەعید هەڵبژێردرا کە ببێتە سەرۆکی کۆمەڵـە. ئینجـا کۆمەڵـە بڕیاریـدا راپـەڕینێکی فـراوان دەسـتپێبکات و، شـێخ سـەعید بـە یارمـەتی فەرمانبەرانی کورد لە دایەرەی پۆستە و بروسکەی گەنج (ولایەتی بینگول) توانی چـاوی بـەو نامـەو بروسـکانە بکـەوێ کـە لـە نێـوان کاربەدەسـتە

(کورد)بوونە ئەنـدامی ئـەم حزبـە. ئەمـەش بـووە هـۆی فـراوان بـوونی دەسـەڵاتی حزب لـە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی ولاتدا.

(*) M. S. Firat, Dosu illeri ve Varto Tarihi. S. 27.

(*) لە ئاداری ١٩٢٥ دا خالد بەگ دەستریژی لێکراو کوژرا، بەڵام یوسف زیا لە سێدارە درا.

تورکەکانـدا ئـاڵوگۆڕ کرابـوون. شـێخ سـەعید بەتایبـەتی سـەرنجی ئـەو لێکۆڵینەوەیەی دەدا کە لەگەڵ خالد جبری بەگ و یوسف زەیا لـە بـەدلیس دەسـتیپێکرد کاربەدەسـتان وایـان لاپەسـند بـوو کـە شـێخ سـەعید وەك (شایەتێك) بۆ دادگا بانگبکەن. بەڵام شێخ سەعید داواکەی دادگـای دایـە دواوە و بەو بیانووەی کە نەخۆش و پیرە و(*) ناتوانیّ لە دادگا ئامادەببێت. لەمەشەوە روون دەبێتەوە کە پێشگرتنی خالد جبری بـەگ، کاربەدەسـتانی تورکیا ئاگاداری چالاکی کۆمەڵـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان نـەبوون. لـە تشرینی دووەمـی ١٩٣٤ دا کوڕەکـەی شـێخ سـەعید، عـەلی رەزا چـووە دیاربـەکر و حەلـەب تـا لەگـەڵ سـەرکردە کوردەکـانیتردا لەسـەر کـاتی رێکخستنی راپەڕینەکـە رێککـەوێت، کۆبوونەوەیـەکی لەگـەڵ کـردن کـە زۆربەی پیاوە ناسراوەکانی کورد لە تورکیا و عێراق و سوریا بەشـداربوون. لەو کۆبوونەوەیەدا بە درێژی وەزعی کوردستانی تورکیا باسکرا و بەشداران هاوبیربوون لەوەدا کە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد تەنیا لە رێگەی راپـەڕینێکی چـەکدارانەوە دەهێنرێنـەدی. هـەروا لەسـەر رۆژی دەستپێکردنی راپەڕین لە کوردستانی تورکیادا رێککەوتن کـە رۆژی ٢١ی ئاداری ١٩٢٥ (رۆژی جەژنی نەتەوەیی – نەورۆز) دەستپێدەکات. هـەروا لەم کۆبوونەوەیەدا دەستەی سەرکردایەتی راپەڕینەکەیان هەڵبژارد(*).

(*) Aksam. 19-8-1925.

(*) M. N. Dersimi, Kurdustan Tarihinde Dersim, Halep 1925. S. 174.

پاش ئەوە عەلی رەزا لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ دا چووە ئەستەنبوڵ و چاوی بە پیاوی ناسراوی کورد سەید عبدالقادر کەوت. لەم چاوپێکەوتنەدا عەلی رەزا باسی وەزعی ولایەتەکانی رۆژهەلاتی کرد و باری سەرنج و نەخشەکانی دەستەی سەرکردایەتی راپەڕینەکەی خستە پێش چاو هەروا باری سەرنجی خۆی لەسەر نەخشەی سەرکردە کوردەکانی حەلەب و عێراق دەربڕی. سەید عەبدولقادر پێشنیارێکی خستە پێش چاوی عەلی رەزا کە بزووتنەوەی کورد شێوەیەکی ئایینی هەبێ. ئەو کاتە ئەمیش بە هەموو هێز و توانایەوە دێتە پاڵ بزووتنەوەکە ئەوجا هەندێك چاپەمەنی کە دژی مستەفا کەمال بوون دا بە عەلی رەزا تا لە ولایەتەکانی کورد بڵاوبکرێنەوە.

عەلی رەزا گشت ئەم مەسەلە و بیروڕایانەی بردەوە بۆ بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیەی کە لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٢٥ دا لە گوندی کیریکخان (لە ناحیەی بالو)(*) پێکهات. سەرەڕای ریۆشوێنی راپەڕینەکە، ئەو ناکۆکییانەی کەوتبووە نێوان کوردە سوننییەکان و کوردەکانی قزلباش کە حەزیان نەدەکرد بێنە پاڵ راپەڕینەکە. لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەش گوترا کە بەشداری نەکردنی خێڵەکانی قزلباشی ناوچەی وارتو (ولایەتی موش) و خنس (ولایەتی ئەرزڕوم) مانای بوونی کوسپ و تەگەرەیە لە پێش راپەڕینەکەدا. هەر چەندە شێخ سەعید

(*) M. S. Firat. Dosu illeri ve Varto Tarihi S. 129.

هەولّی دەدا ئەم خێلاّنەش لە راپەڕینەکەدا بەشداریبکەن ، بـەلاّم ئـەوەی بۆ نەچووە سەر. هەروا شـێخ سـەعید هەولّیـدا خێلّـەکانی دەرسـیم بـۆ راپەڕینەکە راکێشێت بەلاّم لەمەشدا سەرنەکەوت(*).

هەر لەو کاتەدا لە زۆر ولایەتی رۆژهـەلاّتی ولاتـدا بەچـاکی دەسـتکرا بـە خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین لە دژی دەسەلاّتداریی تـورك. لـەناو سـەرکردەی خێلّەکانی دەرسیمدا گفتوگۆ دەربارەی رێوشوێنی خەبات بۆ رزگـاربوون لـە تەوقی کۆیلایەتی تورکیا هـەر بـەردەوام بـوو. سـەرەڕای ئـەوەش زرۆیـان سیاسەتی رێککەوتنیان پەسەند کرد و بەرژەوەندی خۆیان بە چاکتر دەزانـی و هەر لەسەر خەو و خەیالّ و هیوارداری سیاسەتی کەمالییەکان لە بارەی مەسەلەی کـوردەوە دەژیـان و یـەك لەوانـەی ئـەم رێبـازەی پـشتگیریکرد حەسەن خێری نوێنەری دەرسیم بوو لە ئەنجوومەنی گەلی تـورکی مەزنـدا، هەندێکیش پێچەوانەی هەلّوێستی حەسەن خێـری راوەسـتانەوە، وەك بیـار نوری دەرسیمی و سەعید رەزا کە هەردووکیان چـاری بنـەڕەتی مەسـەلەی کوردیان پشتگیریدەکرد، هەندێك کەسانی تری ناسراوی کوردیش لایەنگیری ئەمانی دەکردن. لەوانەی کە بڕوایـان بـە بـەلّێن و پـەیمانی کاربەدەسـتانی تورکیا نەکرد و خـەباتی چـەکداریان بـە تاقـە رێگـای هێنانـەدی مافـە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەزانی.

(*) S. S. Aydemir. T. Adam Mustafa Kemal. Cilt.3 Istanbul 1966. S. 225.

سەرەڕای ئەوەش خێڵەکانی دەرسیم لە بزووتنەوەکەی شێخ سەعیددا بەشدار نەبوون. لەکاتێکدا کوردانی رۆژهەلاتی دەرسیم بۆ راپەڕینێکی گەورە خۆیان سازدەکرد، چەند سەرۆك خێلێکی دەرسیم لەسەر پلەوپایەی ناو ئەنجوومەنی گەلی تورکیا لە ناکۆکی دابوون و بەم کارەش یارمەتییەکی باشی کەمالییەکانیاندا کە سوودیان لە ناکۆکی ناو خێڵەکان وەرگرت و سیاسەتی دوژمنایەتیکردنی گەلی کوردیان بە جێگەیاند.

ئا لەم ماوەیەدا بێزاری لەناو دانیشتوانی ولایەتەکانی رۆژهەلاتدا پەرەی دەسەند. ئەمەش بە ئاشکرا لەکاتی سەردانەکەی شێخ سەعید بۆ ئەو ناوچانە دەرکەوت. ئەوەبوو بە سەدان چەکداری کورد چوونە پاڵی. هەروا تەواوی دانیشتوان بە گەرمی پێشوازییان لێکرد. لە نیوەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمدا کۆمەڵێکی زۆر لە شێخ و ئیمام و پیاو ماقوڵان لەگەڵ شێخ سەعید چوونە سەردانی مەڵبەندی ولایەتی داراهینە (گەنج) و ناحیەی لیجەوخانی(*). لە رۆژی ٥ی شوباتی ١٩٢٥ دا شێخ سەعید لەگەڵ سەد سوارەی چەکدار و کۆمەڵێك لە رابەران خانێ بەجێدەهێڵن و دەچنە گوندی پیران(*). لەوێ میوانی عەبدولڕەحیمی برای دەبێ، هەر ئەو شەوە مولازمی یەکەم حوسنی ئەفەندی لەگەڵ مستەفا عاسم و پانزە سەرباز دەگەنە مالی عەبدولرەحیم و لە شێخ سەعید داوا

(*) M. Toker, Seyh Sait ve isyani S. 37.

(**) گوندی پیران دەکەوێتە ناحییەی ئەرگانی (لە ولایەتی بینگول).

دەکەن دە کوردیان بە دەستەوە بدا کە بە کوشتن تاونبارن و وان لە ماڵی بەحری ناوێك.

لە وەڵامدا شێخ سەعید گوتی: ((ئێمە بەهەڤرا گەیشتووینە ئێرە، هەڤاڵی یەکین. هێڤیدارم تا من لڤربم خراپەتان بۆیان نەبێ. کاتی ئەزدچم ئێوە چۆن دەخوازن وابکەن))(*).

شێخ داوای لێکردن کە دەستیان بۆ نەبەن، بەڵام ئەفسەرە تورکەکە وای دەربڕی کە ڕێزی کەس ناگرێت و تەنیا بەپێی یاسای کۆماری دەجولێتەوە و فەرمانیدا تاونبارەکانی بدرێن بە دەستەوە. کاتێك فەرمانی ئەو ئەفسەرە جێبەجێ نەکرا، لێکدانی چەکداری لە نێوان خەڵکەکە و کۆمەڵی ئەفسەرەکاندا بە سەرۆکایەتی حوسنی ئەفەندی ڕوویدا. لە ئەنجامدا هەندێکیان لێ کوژران و ئەوانیتر بە دیل گیران و ئەم پێك هەڵپژانە کە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی پیران ڕوویدا ڕێگەی لە نەخشەی ڕاپەڕینەکە بڕییەوە.

لە ڕاستیدا شێخ سەعید لەو باوەڕەدابوو کە کوردەکان هێشتا ئامادەنین بۆ بەشداری لە ڕاپەڕینێکی گەورەدا. لەبەر ئەوە لە گوندی پیران دەرچوو بەرەو گەنج کەوتەڕێ بۆ ئەوەی ڕووداوەکەی پیران جڵەو گیربکات و ڕێگەنەدا بۆ ناوچەکانیتر بڵاوبێتەوە، بەڵام کاتێك شێخ تایەری برای بە ڕووداوەکانی پیرانی زانی لە ڕۆژی دەی شوباتدا لە لیجە پۆستەی گرت و لە یانزەی

(*) M. U. Dersimi, Kurddistan tarihinde Dersim- S. 176.

شوباتدا بەخۆی و دووسەد کەسەوە چووە خزمەت شێخ سەعید لـە گـەنج و ئەو پارە و بەڵگە و ئەوراقانەی گیرابوون بەدەستی گەیاند. ئەم دوو رووداوە بەسەرتای دەستپێکردنی راپەرینەکە دادەنـرێن و ئـیتر لـەو هەلومەرجـەدا لەپێش شێخ سەعیددا هیچ نەمایەوە ئـەوە نـەبێ بڵـێ: ((وا دیـارە ئەمـە دەسستی قەدەرە))[*] و بەکردەوەش لە راستیدا بووە رابەری راپەرینێك کـە پێش کاتی خۆی هەڵگیرسا.

لە رۆژی چواردەی شوباتدا شێخ سەعید و لایەنگرانی کە ژمارەیان گەیشتە دە هەزار کەس، دەسەڵاتیان بەسەر شاری گەنجدا گرت[*].

هەروا والی و کاربەدەستە تورکـەکان بـەدیل گـیران و فـەقێ حـسان کـە سەرۆکی خێلی موداں بـوو کـرا بـە والی گـەنج و یاسـایەکی نائاسـایی دەرکرد و، بەپێی ئەو یاسایە شـاری گـەنجی کـرد بـە پایتـەختی کـاتیی کوردستان و هەموو کوردێکیش لەپێناوی باوەڕدا بە تێکۆشەر دادەنـرێن و، هەموو دەسەڵاتێکی ئایینی و دنیایی کەوتە دەستی شـێخ سـەعید و پێویست کرا گشت باج و کوێلەکانیش بۆ گەنج رەوانە بکرێن[*].

. (*) M. S. Firat Dosu illrei ve yarto tarihi s. 132.

(*) M. N. Dersimi, Kurdistan Tarihinde Dersim. S. 177.

(*) M. N. Dersimi, Kurdistan tarihinde Derdim S. 177.

راپەڕیوەکان بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە و باجی ((   ))[*] کە زۆر چارەگران و قورس بوو بەسەرشانی هاونیشتمانییەکانەوە، لایان برد و داوایان لە دانیشتوان کرد لەجیاتی ئەوە ئازووقە و شتی وا بۆ شۆڕشگێڕان بنێرن، ئەم کارەش لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی جوتیارەوە پەسەند کرا و بەشی زۆریان لەدژی کاربەدەستە تورکەکان دەستیان دایە چەك[*]. لە ماوەیەکی کورتدا راپەڕینەکە لە خاکێکی فراواندا تەنییەوە و چوار ولایەتی رۆژهەڵاتی گرتەوە[*].

ئەو هۆیانەی لە سەرەتاوە بوونە هۆی سەرکەوتنی راپەڕینەکە گەلێکن، ناخۆشی رێگاوبان و زۆری دۆڵەکان بوونە یاریدەدەری شۆڕشگێڕان و هەر لەو کاتەشدا گەلێك گیروگرفتی گەورەیان خستە پێش جوولانەوەی سوپای تورکیا.

هەروەها شێوەی پێکهاتنی نەتەوەیی ئەو ناوچانەی راپەڕینەکەیان تێدا روویدا لە قازانجی راپەڕیوەکان بوو. بۆ نموونە لەو ولایەتانەی کە شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەرداگرتن شەش سەد هەزار کورد هەبوون. واتە سێ هێندەی ژمارەی تورکەکان دەبوون، وێڕای ئەوەش سەد هەزار چەرکەسی لەو ناوچەیەدا دەژیان. ئەمە سەرەڕای کەمایەتییەکی عەرەبی و

(*) لە چاپی عەرەبیدا وشەی ناو دوو کەوانەکە نە نووسراوە- ج. د.

(*) س-س ئەفا ناسیف باری کەمە نەتەوایەتییەکانی تورکیا- یەریڤان ١٩٦٣.

(*) S. S. Aydemir, Ikrnci Adim. Ismet Inunu Cilt I. Istanbul 1968. S. 308.

کەمایەتییەکی ئەرمەنی. شایانی باسە رۆڵەکانی ئەم کەمە نەتەوایەتییانە شۆڕشگێڕەکانیان خۆش دەویست و زۆریشیان بە چەکەکانیانەوە چوونە پاڵیان. شان بە شانی ئەوان لە دژی ئەو چەوسانەوەیە دەجەنگین کە لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە تووشی هاتبوون. ئەم هۆیانە هەموویان لەسەرەتاوە ببوونە یاریدەدەری سەرکەوتنی بزووتنەوەکە.

ئارمسترونغ لەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێ:

((راپەڕینەکە لە کوردستان و ولایەتەکانی رۆژهەلات هەلگیرسابوو. هەروا هەڕەشەی لە ناوچەکانیتریش دەکرد و تەخت و بەختی کۆمار هاتبووە لەرزە))[*].

(*) H. C. Armstrong Geey Wolf. Mustafa Kemal. London. 1934. P. 264.

بەڕێوەچوونی ڕاپەڕینەکە

لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٢٥دا، شێخ سەعید پەلەکانی حاجی حەسەن و عومەر فارۆ هەروا هۆزی مستان و بۆتانی لە خوارووی چیایا جۆرا رابەرێتی کردو لە رۆژی بیستەمی ئەم مانگەدا دەسەلاتی بەسەر لیجەوخانی داگرت و هێزەکەی سالح بەگ (خەلکی خانی) هاتە پالی و شێخ بە دۆلی خانیدا بەرەو دیاربەکر کەوتەڕێ و لە رۆژی بیست و هەشتەمی شوباتدا و لە دەوروبەری شاری دیاربەکر هێزێکی گەورەی شێخ شەمسەدین هاتە پالی و هەر لەو کاتەشدا لە بیست و نۆیەمی شوباتدا شێخ عەبدولرەحیمی برای شێخ سەعید لە ناحیەی مادن (لە ولایەتی ئالی عەزیز) رابوو، بەلام شێخ ئەیوب لەگەل ٥٠٠ جەنگاوەردا لە چرمێك (لە ولایەتی دیاربەکر) هاتە پال شێخ عەبدولرەحیم و لەوێوە بەیەکەوە بەرەو ئەرگانی هاتن. لە رۆژی بیست و هەشتەمی شوباتدا شاری تالا بووە بارەگای شێخ سەعید و سوپای کورد کە ئەو کاتە ژمارەی گەیشتە بیست هەزار سەرباز، لێرەشەوە دەنگوباسیان لەو هێزانەی کوردەوە بۆ دەهات کە لە ماردین و ئەرگانی و مادن لە کاردا بوون.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەرکەوتن و پێشکەوتنی کوردان لە ئـەنجامی هێرشێکی ڕێکوپێکی هێزی سوپاییەوە نەبوو. شێخ سەعید خۆی ڕابەرێکی سوپایەکی ڕەسمی نەبوو بەڵکو ڕابەری پەلەکانی هۆزەکانی کـورد بـوو کـە ڕاسـتەوخۆ سـەرکردەیی دەکـردن و هـەر چـەندە کوردەکـان ببزوتنایـەوە ئەوەنـدەش دانیـشتوانی ناوچـەکان دەچـوونە پاڵیـان و هـەر شـوێنێکی دانیـشتوان دەسـتیان بەسـەردا بگیرایـە بەڕێوەبەرێتییـەکی نـوێی تێـدا پێکدەهات ئەگەرچـی ئـەم بەڕێوەبەرێتییـە هـەموو کاتێـك وانـەبووە کـە پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبـێ سـەرنجی ئـەم خاسـیەتە بـدرێ، هـەر لـە سەرەتای هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکەوە تا ئەو ڕۆژەی لە سـێی مـارتی ١٩٢٧ دا عیسمەت پاشا دەسەڵاتی گرتە دەست. کوردەکان لە ڕووی سـەربازییەوە بەهێزتر بوون، ئەمەش بە ئاشکرا ئـەوە دەردەخـا کـە دانیـشتوانی ناوچـە ڕزگارکراوەکان شێخ سەعیدیان خۆش دەویـست و لایـەنگیری بـوون. شـێخ سەعید داوای دەکرد ئایین لە فەرمانڕەوا کافرەکانی ئەنقەرە ڕزگـار بکـرێ. بەم کـارەش ئامـانجی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕینەکـەی لـە جـەماوەری فـراوان دەشـاردەوە کـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کوردبـوو، کـە پایتەختەکەشی دیاربەکر بێ. ناتەواوییەکی جەوهەری سیاسـەتەکەی شـێخ سەعید ئالێرەدابوو. گەلێك لە ڕابەرانی کورد بایـەخێکی تـەواویان نەدایـە داخوازییە ئایینییەکەی شێخ سەعید و هەروا حەزیان نەدەکرد لـە پێنـاوی ئاییندا بچنە جەنگەوە.

سـەرکردەکانی کـورد دەیانویـست پـاش رزگـارکردنی دیاربـەکر دانـانی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆیی کـورد ئاشـکرا بکـەن، بـەڵام دیاربـەکر ڕەوتـی جەنگەکانی بۆ قازانجی کاربەدەستە تورکەکان گۆڕی.

شێخ سەعید هەستیکرد کە هێزەکانی دەستگرتن بەسەر دیاربـەکردا بـەش ناکات، جا بۆ ئەوەی سوود لەکات وەربگرن لەگەڵ دەستەلاتداری دەستی بە وتووێژ کرد بـۆ ئـەوەی هاونیـشتمانییە کوردەکـان لـەناو شـارەوە بتـوانن راپـەڕن، بـەڵام کاربەدەسـتانی دیاربـەکر کـە ئـەو کاتـە عـەلی جـەمال (میرداجی) پارێزەر بوو. کازم پاشا لە شارا فەرماندەی سوپا بوو (ئوربـای) سەرۆکی کەنیسەش مورسل پاشا بوو هـەموو نوختـە گرنگـەکانی شـاریان گـرت و چـاوەڕوانی یارمـەتییان دەکـرد. کاربەدەسـتان چـەکیان بەسـەر دانیشتواندا دابەشنەکرد و سوپا بە تەنیا ئەرکی پاراستنی شارەکەی گرتـە ئەستۆ، جا لەبەر ئەوەی کاربەدەستان قایل نەبوون شار بـدەن بەدەسـتەوە، شێخ سەعید لە سەرەتای ئاداردا بڕیاریدا پەلاماری شار بدا.

تیپە چەکدارەکانی کورد کە بە تفەنگی راو و تفەنگی مـاوزەر چـەکدار بوون و هەندێکیان چەکی دەسـتیان گـالوك بـوو هەوڵیانـدا بـچنە نـاو شارەوە و لە شەوی یانزەی ئاداردا تیپێکی هەڵبژاردەی جـەنگاوەران لـە دەرگای ماردینەوە بۆ ناو شار نێردران و چوونە پاڵ لایەنگرانی شێخ کە لەگەڵ هێزەکـانی تورکیـادا بەیەکـدا هـاتن، بـەڵام هێزەکـانی تورکیـا بەسـەریاندا زاڵبـوون. جـەنگاوەرانی کـورد هاواریـان ئـەکرد (بـژی سـەربەخۆیی، بـژی کوردسـتان). لـە شـەڕێکی سـەختا کـە هێزەکـان

هاوسەنگی یەك نەبوون سەد و پەنجا کورد شەهید کران و ئەوانی تریشیان لەناو تاریکایی شەوا لەشار دەرچوون. هەندێکیشیان گەڕابوونەوە بۆ ماڵەکانیان لە شاردا.

دوای ژێرکەوتنی شێخ سەعید لە دەستەلات گرتن بەسەر دیاربەکردا، فەرمانی بە هێزەکانیدا کە بگەڕێنەوە، رۆژ بە رۆژ وەزعی هێزەکانی خراپتر دەبوو. لە باکوورەوە چل هەزار سەرباز و لە باشوورەوە سی هەزار سەرباز لە هێزەکانی حکوومەت گەمارۆیان دابوون و ئەو کاتە شێخ کۆششێکی بێ ئەنجامی دەکرد کە سەرکردە کوردەکان کۆ بکاتەوە و هەموو توانایەکی یەدەگی بە شەری و ماددی بۆ چاك بوونی بارودۆخی راپەڕینەکە بخاتە کار. شێخ سەعید لە نامەیەکدا بۆ شێخ عەبدولرەحمان و شێخ ئیسماعیلی برای نووسیوە دەڵێ:

((رۆژی هەینی لە سەعات چواردا نامەکەتانم پێگەیشت کە رۆژی ١٩ی شەعبان (١٥ی ئاداری ١٩٢٥) نووسیووتانە. هەروا نامەیەکی شێخ محەمەد رەشیدی لەگەڵ بوو، گوتووتانە بۆزان ئاغا و شێخ ئەیوب هاتوون بۆ کارانج و دەتانەوێ هەروا منیش بگەمە ئەوێ. حەزم دەکرد سەرتان لێبدەم، بەڵام هەر ئێستا رەشید ئاغام لەگەڵ سەد سوارە بۆ بەرەی رۆژهەڵات نارد و ئەمرۆش چاوەڕوانم-خوا بیکات- عەشیرەتی نیرگیان بگات و ئەوانیش بۆ بەرەی شەڕ دەنێرم و هەروا تایەر و شێخ سەراجم نارد بۆ ناوچەکان تا وورەی جەنگاوەران بەرز بکەنەوە و هێشتا نەگەڕاونەتەوە. دوای گەڕانەوەیان هەندێ کاروباری پێویست جێبەجێ دەکەم و دێم بۆ

ناوچەکانیان بۆ قسە و باس لەگەڵ بوزان ئاغا و شێخ ئەیوب، ئێوەش دەبێ ئارام بگرن و جەنگاوەران دەبێ لە سنووری شەریعەتی ئیسلامیدا بجولێنەوە و دوورکەونەوە لە تالانکردنی ماڵی موسلمانان، بەڵام هەروەك لە نامەی پێشوودا باسکردبوو لە کاتی زۆر پێویستیدا ئازووقە و یارمەتی لە عەمبارەکان وەرگرن و پسوولەیەکیان بدەنێ کە وەرتانگرتووە تا لەپاشدا یان بە ماڵ و یاخود بە پارە بیاندەینەوە)).

خزمەتکاری جەنگاوەران

محەمەد سەعیدی نەقشبەندی(*)

بەڵام بە هەوڵ و کۆششی رابەرانی راپەرینەکە نەیانتوانی هێرشی هێزە زاڵەکانی تورکیا راگیر بکەن.

لەم کاتەدا هێزەکانی تورکیا لە دەوروبەری دیاربەکر نزیك دەبوونەوە و هێزەکانی شێخ سەعیدیش بەرەو دۆڵەکانی خانی دەکشانەوە، ئالێرەدا هێزەکەی شێخ عەبدولرەحمان کە لە ئەرگانی بەزی بوون هاتنە پاڵیان و پاش بەرگری کردنێکی کورت راپەریوەکان ناچاربوون بۆ داراهینی پاشەکشە بکەن و لەوێش بوونە چەند کۆمەڵێك و لە دارستانەکانی گەنج و پاڵوو چەبەق چوور خۆیان شاردەوە، شێخ سەعیدیش لەگەڵ شێخ و سەرۆك

(*)"Hksam" 27, 4. 1925.

خێڵەکان لە داراخانی دەرچوون و لە ٢٧ی ئاداردا گەیشتنە چەبەق چوور لەوێ چاوەڕوانی هاتنی عەبدوڵڵا و شیفی و شێخەکانی تری ئال عەزیز و فارتو و کیفییان کرد(*).

لە ٢٦ی ئاداردا هێزەکانی تورکیا هێرشێکی توندیان کردە سەر ناوچەکانی دیاربەکر و فارتو و عەزیز بەو هۆیەوە فەیلەقێکی لەشکری یەکەمی تورکیا گەیشتە ناو شاری فارتوو، سەرکردە تورکەکان دەیانویست لەهەر چوارلاوە دەوری راپەڕیوەکان بگرن و رێگەی گەیشتنە عێراق و سوریا و ئێرانیان لە روو دابگرن(*). یەکێ لەو هۆیانە کە یاریدەی سوپای تورکیاياندا کە بتوانن پێشکەون ئەو ئاژاوە و تالانکارییە بوو کە لەناو شاری ئال عەزیز و شارەکانیتردا روویدا بوو، سەرەڕای ناکۆکی نێوان رابەرانی کورد و رۆیشتنی هەندێکیان و هەندێك لە سەرۆکی خێڵەکان بۆ پاڵ تورکەکان (بەتایبەتی خێلەکانی ئال عەزیز)، بۆ نموونە نەجیب ئاغای سەرۆکی خێڵ لە (ئورفا) و بەگەکانی ئال عەزیز و هەروا خێڵەکانی رۆژهەلاتی دەرسیم وەك خەفیران و لولان و ئەبزولان و سۆران بە سەرۆکایەتی رابەری ئایینی دوغان دیۆئوغلو حسێن کە لەگەڵ تورکەکان هاوکاری کرد و ناپاکی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کرد و لە پشتەوە لە هێزە راپەڕیوەکانیدا کە لەگەڵ شێخ سەعید بوون و لە ئەنجامدا راپەڕیوەکان ناچاربوون لە یەکی نیساندا بەرەو

(*)M. S. Firat, Qsgn, iheri ve Varto tarihi S. 134.

(*) S. S. Aydemir, T. Adam. Mustafa Kemal Cilt 3, S. 226.

ئالۆ(*) بکشێنەوە کە هێزە حکوومییەکانی کازم پاشای لێ نزیک بووبوونەوە. زۆربەی زۆری کوردەکان (نزیکەی پێنج هەزار کەس) کشانەوە بۆ دۆڵی میند و بۆسەیەکیان بۆ کەتیبەی پێنجەمی نازم پاشا نایەوە و لە رۆژی سێی نیساندا شەریکی سەخت قەوما و یەك رۆژی تەواوی خایاند و پەلە کوردەکان شەڕێکی زۆر ئازایانەیان کرد، بەڵام ناچاربوون لەو دۆڵە بکشێنەوە و بۆ دارستانەکان پەنا بەرن، بەڵام شێخ شەریف لەگەڵ پیاوەکانیدا رووی کردە چیایاجۆرا تا بگاتەوە پاڵ شێخ سەعید و لە شەشی نیساندا هێزەکانی حکومەت گەیشتنە چەبەق شوور. بۆیە شێخ سەعید و هاوکارانی کە ژمارەیان سێ سەد سوار دەبوون ناچار بوون بۆ سولخان پاشەکشە بکەن، خێلی خۆرمیك پشتگیری کاربەدەستە تورکەکانیان کرد. بۆ نموونە سەرۆکی ئەو خێلە گوجوك محەمەد خولیوس ئەفەندی سێ سەد چەکداری خستە ژێر دەستی تورکەکانەوە لەدژی راپەڕیوەکان و عەلی کەمالی برایشی سەد سوارەی بۆ تورکەکان تەرخانکرد. هێزەکانی تورك لەگەڵ ئەو خێلانەی پشتگیرییان دەکردن توانییان هێزی کوردان ببەزێنن بەتایبەتی خێلی جبران لە دۆڵی کارلیۆف و هەردوو سەرۆکی ئەو خێلە بابۆ و حتۆ لەگەڵ پەنجا سوارەدا بۆ ناوچەی سون کشانەوە و لە عەشق مەیدان گەیشتنەوە هێزەکانی شێخ سەعید.

(*) M. N. Dersimi, Kurdistan tarihinde, dersim, s. 187.

سەرکردەکانی تورك بۆ ئەوانەی یارمەتی هێزەکانی حکومەتیان دابوو. بۆ سەرۆکەکانی خێلی خۆرمیك و دانیشتوانی کیفی پیرۆزباییان نارد و بروسکەی مستەفا کەمالی سەرکۆمار درایە زوخت کە والی ئەرزرۆم بوو. هەروا کازم کە چاودێری سوپای سێیەم بوو، لەگەڵ عوسمان نوری کە سەرکردەی هێزی یانزەیەم بوو(*).

لە کۆتایی ئاداری ١٩٢٥ دا خالد حەسەنان و عەلی رەزا و خالد جبری و رابەرانی تری کورد لەگەڵ هەزار سوارەدا ناچاربوون دوای ژێرکەوتنی هێرش بۆ سەر خەنس بەرەو رۆژهەڵات بکێشنەوە(*).

ئا لەم کاتەدا هێزەکانی تورکیا لە کراکوس بە یارمەتی سەرۆکەکانی خێلی حەیدەران. کوردان ناچارکران بچنە جەنگێکی تازەی زۆر سەختەوە کە ئەوەبوو خالد حەسەنان و ئەوانی لەگەڵی بوون ناچاربوون لە سنوور دەرچن و رووبکەنە ئێران. حکومەتی ئێران بە ئاگر و ئاسن پێشوازی لە کوردە راپەڕیوەکان کرد، لە ئەنجامدا شمسەدینی کوڕی خالد حەسەنان بەگ و عەباسی کوڕی شێخ سەعید و هەروا سەرۆکی خێلی زەرگان کرم و گەلێك لە راپەڕیوەکان شەهیدبوون و خالد حەسەنان بەگ و علی رەزاو ئەو جەنگاوەرانەی کەمانەوە چوونە پاڵ رابەری کورد سمکۆ(*).

(*) M. S. Firat, Dosu, illeri ve varto tarihi. S. 137-138.

(*) سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٣ – ١٤٥.

(*) M. N. Dersimi, Kurdistan tarikinde Dersim. S. 178-179.

هۆی ژێر کەوتن و پاشەکشەی کوردەکـان لـە هـەموو ناوچـەکاندا لـەپێش هەموو شتێکدا ئەوەبوو کە حکومـەت لـەبارەی بەڕێوەبـەری و سیاسـی و سوپاییەوە بۆ ریشەکێشانی راپەڕینەکە بە چاکی خۆی ئامادەکردبوو.

ئەوكاروبارە یاسایی و سوپاییانەی کە فەرمانڕەوایانی تورك بۆ ریشەکێشکردنی راپەڕینەکە بەجێیان گەیاند

بەپێچەوانەی پێشبینی کاربەدەستانی تورکیاوە، لەوەدا کە راپەڕینەکە شتێکی وانییە، لە سەرەتاوە راپەڕینەکە ولایەتەکانی رۆژهەڵات و خوارووی رۆژهەلاتی وڵاتی گرتەوە، بەڵام رۆژنامەکانی تورکیا دوای چەند رۆژێك لەدەستپێکردنی راپەڕینەکە هەندێ شتیان دەربارەی ئەوەی ناویان لێنابوو ((رووداوەکانی غەنەج)) نووسیبوو. جا هەرچەندە حکومەتی تورکیا ئاگاداری بزووتنەوەی کورد بوو لە رۆژهەلاتی وڵاتدا، بەڵام ئەوەی لەبەرچاو نەبوو کە بەم شێوەیە گەورەبێ. هۆی ئەمەش ئەو دەنگوباسە گەشبینانەیە بوو کە رۆژنامەکانی تورکیا دەیان وتەوە و ئەو بەیاننامە رەسمییە داتاشراوانەی کە لە کاربەدەستانەوە دەربارەی ریشەکێشکردنی خێرایی ((بزووتنەوە کۆنەپەرستییەکەی شێخ)) دەرکرابوون. بۆ نموونە لە ١٨ی شوباتی ١٩٢٥ داو لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی تورکیادا لە وەڵامی پرسیاری یەکێك لە نوێنەرەکاندا وەزیری ناوخۆ رایگەیاند کە ((لە غەنەج جەردەیەکی رێگر بەناوی شێخ سەعید پەیدابووە، لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیدا ناوچەکە تاڵان دەکەن. بەڵام ئەو کاروبارەی توندوتیژی حکومەت بە زووترین کات لەناوی دەبات[*])).

(*) B. Cemal, Seyh Sait Isyani, Istanbul, 1955, S. 39.

جا بەم بۆنەیەشەوە دەتوانرێ باسی وتە دەربڕینەکەی ئەنیس بەگ بکرێ کە ئەو کاتە کاورباری تورکیای لە مۆسکۆ بەڕێوەدەبرد و گوتی: ((......ئەم بزووتنەوەیە بۆ حکومەتی تورکیا مەترسییەکی نییە و باری وڵات تێکنادات. شێخ سەعید لەژێر پەردەی دروشمی ئاینیدا هەستاوە. لەبەر ئەوە دەنگونجێ هەندێ کۆنەپەرست لە تورکیادا هەبن لەگەڵ بزووتنەوەکەی شێخ سەعید بن، بەڵام کۆمەڵانی خەڵك لەم بزووتنەوەیە دوورن و من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەم بزووتنەوەیەش ریشەکێش دەکرێ، هەروەك چۆن ساڵی پار راپەڕینەکەی خێلی ئابوور ریشەکێش کرا(*))).

بەم چەشنە بەیاننامە و وتە دەربڕینی رەسمی تورکەکان وەکو ئاشکرایە زۆر گەشبینانە بوون سەبارەت بە دوایی هاتنی خێرایی رووداوەکان لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا و هەر لەو کاتەشدا هەستیان بە مەترسی وەزعەکە کردبوو. لەبەر ئەوە پەنایان بۆ بەجێگەیاندنی هەندێ کاروباری پێویست بردبوو بۆ ریشەکێش کردنی راپەڕینەکە.

لە درەنگە شەوی ٢٢ و بەرەبەیانی ٢٣ی شوباتدا ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا کۆبوونەوەیەکی لەناکاویان بە سەرۆکایەتی سەرکۆمار و بە بەشداریکردنی سەرۆکی ئەرکان فەوزی پاشا (چقماق) بەست و لەو کۆبوونەوەیەدا باری نائاسایی بڕیاردرا و ناوچەی راپەڕینەکەیان بۆ ماوەی مانگێك خستە ژێر حوکمی عورفیەوە و ئەنجوومەنی گشتی تورکیاش ئەو

(*) ((بەرەبەیانی رۆژهەڵات)) ١-٣-١٩٢٥ (بە زمانی رووسی).

بڕیارەی پەسەند کرد و لەو بڕیارەدا وتراوە: ((ئەو ڕاپەڕینەی لـەدژی هێـزە چەکدارەکانی تورکیا لە بەشێکی ولایەتی ئەرغانیدا ڕوویـدا و دیاربـەکر و ئال عەزیز و غەنەجی گرتەوە تواناى هەیـە پەرەبـسێنێ، بۆیـە حکومـەت بڕیاریدا باری نائاسـایی لـە ولایەتـەکانی مـوش و ئـەرغانی و دەرسـیم و دیاربەکر و ماردین و ئورفە و سیعزك و سیرت و بەدلیس و وان و هـەکاری و هەروا لە ناوچەکانی کیفی و خەنس لە ولایەتی ئەرزەڕۆم بڕیار بدات(*).

لە ڕۆژی ٢٤ی شوباتدا کۆمەڵێك لـە نوێنـەرانی حزبـی کۆمـاریی گـەڵ کۆبوونەوەو فەتحی بەگی سەرۆکی حکوومـەت و جـەمیل بـەگی وەزیـری ناوخۆ، دەربارەی ڕووداوەکانی غەنەج وتاریـان خوێنـدەوە و فـەتحی بـەگ ئەمجارە بە ((جەردە و ڕێگـر)) نـاوی دەربـردن، بـەڵکو ئـەوەی دووپـات کردەوە کە ((ڕاپەڕینەکـە سروشـتێکی کۆنەپەرسـتانەی هەیـە)) هـەروا ڕایگەیاند کە شێخ سەعید بۆ دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و پەیڕەوکردنی شەریعەت و دانانی خەلیفایەتی و داوای خەبات لە پێنـاوی ڕووخاندنی ڕژێمی خوانەناسی ئێستادا هەوڵدەدات(*). هەموو قسەکەرانی کۆبوونەوەکە دووپاتیان کردەوە کە ڕاپەڕینەکـە کۆنەپەرسـتانەیە و پـێش هەموو شتێك ئەنجامی ((ئایین پـەروەریی کوێرانـەی کوردەکانـە)) و بـە هاندانی دەوڵەتانی بێگانەیە.

(*)"Hakimiyeti Milliye", 24.2.1925.

(*) M. Toker, Seyh Sait ve Isyani, S. 22.

له پاش گفتوگۆکردن لەسەر وەزعی رۆژهەلاتی ولات، مەحموود عیزەت بەگی وەزیری دادپەروەری پرۆژەی یاسایەکی خوێندەوە کە پێشکەش بە حکومەت دەکرێ و ئەم شتانەی تێدا بوو:

١- هەموو کاروکردەوەیەك کە چ بەردەوامی یان بە نووسراوی هەولدەدا هەستی ئایینی گەل بۆ ئامانجی سیاسی بەکاربێنێ، بەتاوانێك لە دژی نیشتمان دادەنرێت.

٢- هەرکەسێك بەدەمی یان بە نووسراو بۆ پێکەوەنانی کۆمەلە ئایین بەکار بێنێ یان وتار بلاوبکاتەوە و ئایین بۆ ئامانجی سیاسی بەکاربێنێ، هەموو ئەم چەشنە کارانە بەخیانەتی هەرە گەورە دادەنرێن.

٣- زۆربەی زۆری نوێنەرانی حزبی کۆمارییی گەل داوایان کرد ئەم پرۆژەی یاسایە بڕیار لەسەر بدرێت، ئەوەبوو بە تەواوی دەنگەکان لەلایەن نوێنەرانی ئەم حزبەوە پەسەندکرا(*).

٤- لە بیست و پێنجی شوباتدا ئەنجوومەنی گشتی لە پەرلەمانی تورکیادا مادەی ژمارەیەکی یاسای سزادانی دەربارەی خیانەتکردن لە نیشتمان کە لە ١٥ی نیسانی ١٩٢٣ دا

(*) "Istanbbul" 25.2.1925.

دانرابوو دەستکاریکرد (یاسای ژمارە ٥٥٦) ئەو مادەیەی گۆڕدرا. دوای دەستکاری کردنەکە بەم چەشنەی لێهات:

دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی لەسەر بناغەی ئایینی قەدەغەیە. هەروا بەکارهێنانی ئایین لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی سیاسیدا و ئەو کەسانەی ئەم جۆرە کردەوانە بکەن، یان ببنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوانە بە خائین دادەنرێن(*).

شایانی باسە کە فەرمانڕەوایانی تورك هاوبیروڕا نەبوون لە هەڵوێستدا دەربارەی سیاسەتی ناوخۆ، بەتایبەتی سەبارەت بە ریشەکێشکردنی بزووتنەوەکەی کورد، سەرنج دەدرا کە هەڵوێستی حزبی کۆماریی گەل و کۆماریی پێشکەوتنخواز لێك جیاوازبوون. هەروا لەناو حزبی کۆماریی گەل خۆشیدا جیاوازی هەبوو، لەم حزبەدا سێ پارچە هەبوون: مام ناوەندەکان و نەتەوە پەروەرە دەمارگیرەکان و ((چەپڕەوەکان)). فەتحی بەگ سەرۆکی مام ناوەندەکان و عیسمەت پاشا سەرۆکی نەتەوە پەروەرە دەمارگیرەکان بوون، بەڵام چەپڕەوەکان ((رادیکالییەکان)) مەحموودی عیزەت پاشا لەلایەن مستەفا کەمالەوە لایەنگیری دەکرا.

نەتەوە پەروەرە دەمارگیرەکان کە لە سەرۆکایەتی حزبدا زۆربەبوون هەلێکی لەباریان دییەوە بۆ دوورخستنەوەی مام ناوەندەکان لە حوکمڕانی، هەروا بۆ داپلۆسینی ((پێشکەوتنخوازەکان)) ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش

(*) "Dustur" Lill . 6.5.107.

هەلێکی زۆرباش و لەباربوو. فەتحی بەگ پێش هەموو شتێك وا تاوانبارکرا کە بەرامبەر راپەڕینەکـە کەمتەرخـەمی کـردووە و بـە هـۆی هەڵوێـستی گەشبینانەی لە هەڵسەنگاندنی قـەبارەی بزووتنەوەکـە و مـەترسییەکەیدا، هەروا بەهۆی شل و شۆڵییەوە لە هەڵبژاردنی هۆیەکانی ریشەکێش کردنیدا کەوتە بـەر رەخنـە و هێرشـەوە، تەنانـەت لـە سـەرەتای رووداوەکانـدا وا سەرنجدرا دیاردەیەکی ئاسایی لێرەدا هەیەو، بەشێك لـە ئەنـدامانی حزبـی کۆماریی گەل نەك هەر پەنایان نەبردەبەر بێ دەنگ بوون و کەمکردنەوە لە قەبارەی بزووتنەوەکەی کورد و بەس بەڵکو بە پێـچەوانەوە ئەوانـە توانـای بزووتنەوەکەیان زۆر بە گەورەتر دەخستە پێش چاو، ئـەو هەڵوێـستەش کـە لەسەرەتاوە لە سەرکردایەتی حزبی کۆمـاریی پێـشکەوتنخوازدا گیرایەبـەر پێشبینی نەدەکرا. لەجیاتی ئەوەی رێوشوێنی تاقیکراوەی پێشوو بگیرێتـە بەر لەوەدا کە لە پێنـاوی رەخنـەگرتن لـە حکومەتـدا هـەر گیروگرفتێـك بکرێتـە مۆڵـەت و ئـەم جـارەش مەسـەلەکە زۆربـاش و لـەباربوو، بـەڵام ((پێشکەوتنخوازەکان)) راستەوخۆ رێبازی پشتگیری تـەواوی حکومـەتیان گرتەبەر، نەك هەر سۆزێکیان بەرامبەر راپەڕینەکـە پێـشاننەدا بـەڵکو بـۆ ریشەکێش کردنی بزووتنەوەکە بازووی خۆشیان پێـشانداو رابـەرانی حزبـی کۆماریی پێشکەوتنخواز لایـەنگیری ئـەو کاروبارەیـان کـرد کـە لەلایـەن حکومەتی فەتحی بەگەوە پێشنیارکرابوو. لە ئەنجوومەنی تورکیـدا کەوتنـە وتاردان و لە رۆژنامەکانیشدا بانگەوازیان لە دژی راپەڕینەکە بڵاوکردەوە و پەیمانی پشتگیری تەواویان تێدا دایە حکومەت.

کازم قەرەبەکر پاشا بەناوی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخوازەوە قسەی کرد و ڕێکەوتنی خۆی لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند لەوەدا کە خائینانی نیشتمان لەوانەی کە ئایین بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردێنن بکرێن بە چەند بەشێکەوە و هەروا ڕایگەیاند کە هەر مەترسییەك لە ناوەوە یان لە دەرەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا ڕووبەڕوودەبێتەوە و هەموو وەك یەك پیاو بەرهەڵستی دەکەن(*).

کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆماری پێشکەوتنخواز بۆ لقەکانی حزب لە ویلایەتەکاندا بروسکەی نارد و داوای لێکردن کە بزووتنەوەکەی شێخ سەعید بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست دابنێن، ئەوەی دووپات کردەوە کە حزب باوەڕەکانی ئەم بزووتنەوەیە پەسەند ناکات(*).

هەر لەو کاتەشدا تەواوی ڕۆژنامە بەرهەڵستکارەکان لەسەر لاپەڕەکانی خۆیان دەنگوباسی هێدی و هێمنیان لە ناوچەکانی ڕاپەڕینەکەوە رادەگەیاند و بەئاشکرا لە قەبارەی ڕاپەڕینەکەیان کەمدەکردەوە. ئەم جۆرە تەکتیکەی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز ئەوەی دەردەخست کە نەك تەنیا حەز لە دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی کورد دەکات بەڵکو بۆ مەبەستی بەرگریش ئەوە دەکات، بێگومان ڕابەرانی حزب نیازی لایەنگرانی حزبەکەی عیسمەت ئینۆنۆش ئاگاداربوون کە دەیانویست سوود لە ڕووداوەکانی

(*) "Tanin". 27.2.1925.

(*) B. Cemal, Seyh Sait Isyani. S. 47.

ڕۆژهەڵاتی وڵات وەربگرن بۆ لەناوبردنی هەمیشەیی بەرهەڵستکارەکان کە سەریان بەرزکردبۆوە(*).

لایەنگیری حکومەت لەلایەن بەرهەڵستکارەکانەوە لە ناخۆشترین هەلومەرجدا، لای بەشێکی لابالّی مام ناوەندی لەناو حزبی کۆماریی گەلدا باری سەرنجێکی زۆرگەورەکراوی خولّقاندبوو سەبارەت بە گومانکردنی نادروست بەرانبەر بەرهەڵستکارەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەتحی بەگ لە هەوڵ و کۆششی حزبی کۆماری پێشکەوتنخوازدا ڕاست و دروستی ڕێبازەکەی خۆی بەرانبەر بەرهەڵستکاران ببینێ. بەڵام زۆربەی زۆری حزبی کۆماریی گەل هەڵوێستێکی تریان گرتەبەر و وایان تەماشای هەڵوێستی بەرهەڵستکارەکان دەکرد وەك مانیورێك بێت بۆ دەست خستنی سۆز و لایەنگیری خەڵکی لە وڵاتدا.

لەبەر ئەمە و بەپێی ئامۆژگاریی مستەفا کەمال، فەتحی بەگ لەگەڵ سەرۆکەکانی حزبی کۆماری پێشکەوتنخوازدا دەستی بە گفتوگۆ کرد و ڕاوێژیکردن کە حزبەکەیان هەڵوەشێننەوە. هۆی ئەمەش ئەو ڕەخنە توندوتیژە بوو کە لابالی نەتەوە پەروەرە دەمارگیرەکانی ناو ئەم حزبە لەدژی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز دەستیان پێکردبوو، وایان

(*) وا باشە لێرەدا ئەوەش باسبکەین کە پاڵێوراوانی حزبی کۆماریی گەل لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرێتیدا لە هەموو شارەکاندا دەرنەچوون: لە شارەکانی (سمون، ئەسکیشهر، سواس و مرسین)دا پاڵێوراوانی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز و ((سەربەخۆیەکان)) دەرچوون.

تاوانبارده‌کردن که کورده‌کانیان بۆ راپەڕین هانداوه، بەم بۆنەیەوه دەبێ ئەوەش بوترێ که ئەم حزبه هیچ پەیوەندییەکی بەو ناوچانەوه نەبوو که راپەڕینەکەیان تێدا هەڵگیرسابوو. هەروا هیچ جۆره پەیوەندییەکی رێکوپێکی و شەخسی لەگەڵ رێکخەرانی راپەڕینەکەدا نەبوو، بەڵام لایەنگره‌کانی هەڵوەشاندنەوەی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز بە هەموو رێگەیەك هەوڵیان دەدا ئەو مادەیە لە پرۆگرامی حزبدا کە دەربارەی رێزگرتنی ئایین بوو بگۆڕن (مادەی شەشەم)(*). لەکاتێکدا بەپێی مادەی ژماره (٢)ی دەستووری ساڵی ١٩٢٤ ی کۆماری تورکیا، ئایینی دەوڵەت ئیسلام بوو، واته تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلام بوو، ئەگەر مادەیەك دەربارەی رێزگرتنی ئایین لەناو پرۆگرامی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخوازدا بوایە هیچ پێچەوانەی دەستووره‌کەی ساڵی ١٩٢٤ نەدەبوو، بەڵام لەگەل ئەوەشدا هێشتا دوو هەفته بەسەر بەرپابوونی راپەڕینەکەدا رانەبوردبوو که له بیست و پێنجەمی شوباتی ١٩٢٥ دا فەتحی بەگی سەرۆکی وەزیران کازمی قەرەبەکر پاشای سەرۆکی حزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز و عەلی فوئاد پاشای سکرتێری حزب و رەئووف بەگی بانگ کردبوو پێی گوتبوون: ((من راسپێردراوم که پێتان رابگەیەنم دەبێ حزبەکەتان هەڵوەشێننەوه، ئەگەر وانەکەن ئەنجامی خراپ دەبێ و خوێن دەرێژرێ))، پاشان لەسەری زیادکرد و گوتی ((بەداخەوه که لەم رووەوه قسەتان لەگەڵ دەکەم و هەروەك دەزانن

(*) T. Z. Tannaya, Turiciyede Syasi Partiler, Istanbul, 1925.5.6.

من لە دژی هەموو چەشنە کاوبارێکی رەگەزایەتیم)) ئینجا فـەتحی بـەگ شوێنی شلۆقی بۆ روون کردنەوە کە گوتی دەترسم ببێتە کەمایەتی(*).

ئا بەم شێوەیە بە کردەوە مەسـەلەی لەبـەر یـەك هەڵوەشـاندنەوەی حزبـی کۆمـاریی پێـشکەتنخواز بڕیـاردرا: ئەگەرچـی بەرنامـە و چالاکیـشی پێچەوانەی دەستوور نەبوو، بـەڵام تـەنیا ئـەوەبوو کـە مـستەفا کـەمال و نەتەوە پەرستە دەمارگیرەکانی دەوروپشتی سووربوون لەسـەر دیکتـاتۆریی تاقە یەك حزبی بورژوای تورك.

گفتوگۆکردن هیچ ئەنجامێکی نەبوو چونکە ((پێـشکەوتنخوازەکان)) قایـل نەبوون حزبەکەیان هەڵبوەشێتەوە و سەرۆکی حزب کازم قەرەبەکر پاشـا بـە فەتحی بەگی راگەیاند: ئەگەرچی ئێمە حزبمـان دامەزرانـدووە، بـەڵام تـەنیا کۆنگرە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی حزبی هەیە، ئینجا وتی حزبی کۆماریی پێـشکەوتنخواز هـەموو کۆشـشێکی حکومـەت بـۆ ریشەکێـشکردنی راپەڕینەکە پشتگیری دەکات(*)، بەڵام ئەم بەهانانە هیچیان سەرنەکەوتن.

لە رۆژی ۲ی ئاداری ۱۹۲۵ دا و لە کۆبوونەوەی حزبـی کۆمـاریی گەلـدا، رەجەب بەگ (بەکر) وتارێکی داو رەخنەی لە سیاسەتی ناوخۆی فەتحی بەگ گرت. وتارەکەی نزیکەی سێ سەعاتی خایاند. ئامانجی ئەوەبوو پێویـستی پەیڕەوکردنی کاروکردەوەی دڵڕەقانەتر بسەلمێنێ. فەتحی بەگ کـاتی خـۆی

(*) S. S. Aydemir, T. Adam. Mustafa Kemal, cilt, 3, Istanbul 1961, 5, 220.

(*) M. Toker, Seyh Sait ve Isyani, 5. 45.

کە بەرپەرچی رەخنەی وەزیری ناوخۆی پێشووی دایەوە گوتی: ((بەداخەوە ئەوەی رەخنەم لێدەگرێ خۆی سەبەبی پەیدابوونی گێروگرفتی کوردە، منیش بەکار و کردەوەی دڵرەقانە کە هیچ پێویست نییە دەستی خۆم بە خوێن سوور ناکەم))(*).

نوێنەرانی وڵاتەکانی رۆژهەلاتیش خۆیان لە کۆبوونەوەی حزبدا قایلبوونی خۆیان لەراستی ئەو کاروکردەوانەدا پێشاندا کە لەلایەن حکومەتەکەی فەتحی بەگەوە جێبەجێ کران. ئەوجا یەکێك لە نوێنەرەکان بەناوی کیلیج عەلی پێشنیاریکرد کە مستەفا کەمال پاشا بۆ بیرورا دەربڕینی خۆی بانگ بکرێت. مستەفا کەمالیش خۆی داوای جێبەجێ کردنیکاروباری زۆر توندتری کرد، پاش قسەکانی مستەفا کەمال پاشا ئیتر دەرگای گفتوگۆکردن داخرا، پاشان پێشنیارێکی پێشکەشکرد کە کاروباری پێویست بۆ یەك لایی کردنەوە جێبەجێ بکرێت و دادگایەکانی سەربەخۆیی پێك بهێندرێن(*). لە هەلومەرجێکی ئاوادا و لە دووی ئاداردا وەزارەتی فەتحی بەگ دەستی لەکارکێشایەوە.

(*) S. S. Aydemir, Ter Adam, Mustafa Kemal, cilt 2, S-221.

(*) تەنیا نوێنەرێکی کوردەکان لەم وەزارەتەدا نەبوو، بەڵکو زۆربەی زۆریان لە ناوچەکانی ناوەوەو رۆژئاواوە بوون.

لە رۆژی ٣ی ئاداری ١٩٢٥ دا عیسمەت پاشا وەزارەتێکی تازەی پێك هێنا(*).

عیسمەت پاشا لە وتارێکیدا کە لە پەرلەماندا خوێندییەوە بەرنامەی حکومەتەکەی راگەیاند: ((لە بواری سیاسەتی ناوخۆدا، لەپێش هەموو شتێکدا هەولدەدەین رووداوەکانی ئەم دواییە نەهێلین و نیشتمان لە دەسیسە بپارێزین، ئەمن و ئاسایش و هێدیایەتی پارێزگاری بکەین و دەسەلاتی دەولەت لە هەموو لایەنێکدا بەتین بکەین. ئەمەش بەیارمەتی بەجێگەیاندنی هەندێ کاروباری تایبەتی کە بە پێویست و باشیان دەزانین بۆ خۆمان))(*). رۆژنامەی ((هیکمتی میللی)) دەربارەی بەرنامەی وەزارەتە تازەکە نووسیویەتی دەلێ: ((ئەم گۆڕینەی وەزارەت لە ئەنجامی جیاوازی مەبدەئییەوە نەبووە. بەلکو سروشتێکی تەکنیکی هەیە. ئەمەش لە وتەکانی عیسمەت پاشادا سەرنجی دەدرێ کە رایگەیاند لە کاروباری دەرەوە و ناوخۆدا لەسەر سیاسەتی پێشووەکەی دەڕوات لەگەل گۆڕینێکی کەم لە تەکتیکدا))(*).

بەپێی ئەم بەرنامەیە حکوومەتی تازە بۆ ریشەکێشکردنی راپەڕینەکەی شێخ سەعید - بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، کاروباری بەڕێوەبەری و

(*) M. Toker, Seyh Sait ve Isyani, S. 66.

(*) M. Toker, Seyh Sait ve Isyani, S. 69.

(*) "Hakimiyeti Milliye" 6-3-1925.

سوپایی و سیاسی بەجێگەیاند، زۆر بەخێرایی پڕۆژەی یاسایەکی بۆ پاراستنی رژێم ئامادەکرد و بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان پێشکەشی پەرلەمانی کرد، ئەم پڕۆژەیە لەلایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانەوە بەرەنگاری کرا بۆ نموونە، نوێنەری دەرسیم فەرەیدون فیکری بەگ پڕۆژەی ئەو یاسایە پێشنیارکراوەی دایە دواوەو رایگەیاند:

((ئێمە یاسامان هەیە بۆ سزادانی هەر کەسێك کە ئاسایشی دەرەوە و ناوخۆمان تێکبدا ... لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم یاسایەی پێشنیاکراوە رەت بکرێتەوە))[*] هەروا کازم پاشای سەرکردەی بەرهەلستکاری لە دژی ئەم یاسایە راوەستاو بە پێچەوانەی دەستووری کۆماری تورکیای دانا[*].

بەڵام زۆربەی نوێنەران یاسایەکەیان بڕیاردا. بۆ نموونە رەجەب بەگی وەزیری بەرگری رایگەیاند کە هۆی پێشکەشکردنی ئەم یاسایەی کە پێشنیارکرا ئەوەیە رێز و حورمەت بۆ دەسەڵاتداریێتی بگێڕدرێتەوە، لەبەر ئەوە حکوومەت وای دەبینی کە پێویستە ((هەموو هێلانەیەکی پیاوخراپان لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەماندا هەبن لەناوببرێن[*])).

دوای دەمەقاڵەیەکی توندوتیژی نێوان نەتەوە پەروەرە دەمارگیرەکان و لیبرالیەکانی بەرهەڵستکار، لە رۆژی ٤ی ئاداردا ئەنجومەنی گەلی

(*) "Istanbul", 5-3-1925.

(*) B, Cemal, Seyh SAit Isyani, S. 58.

(*) Tanin, 5-3-1925.

تورکیا یاسای ژماره (٥٨)ی دەربارەی پاراستنی رژێم بڕیارداو بەپێی ئەم یاساییە دەسەڵاتی فراوان درا بۆ سنووردانان بۆ راپەڕینی میللی و هەموو هەڵسوڕانێکی بەرهەڵستکاری.

لەو یاسایەدا هاتووە: ((مادەی یەکەم، حکومەت خۆ بەخۆ دەسەڵاتی پێدراوە کە پاش پەسەندکردن لەلایەن سەرکۆمارەوە، لە دژی هەموو رێکخراوەکان و چالاکی و دەزگاکانی بلاوکردنەوە کە سروشتێکی کۆنەپەرستانەیان هەبێ، یان ئەوانەی داوای یاخیبوون دەکەن یان هەر هەڵسوڕانێك کە زیان بە کۆمەڵ بگەیەنێ و هەر کاروکردەوەیەك هێمنایەتی و ئاسایشی وڵات تێکبدات)).

حکومەت مافی ئەوەی هەیە هەموو ئەو کەسانەی ئەم چەشنە کاروکردەوانەی سەرەوە دەکەن بدرێنە دادگای سەربەخۆیی(*).

ئەم یاسایە هەر لەکاتی بڕیاردانیەوە تا ماوەی دوو ساڵ کاری پێکرا، بەپێی ئەم یاسایە بە کردەوە هەندێك مافی دیکتاتۆرانە بە حکومەت درا کە تەنیا لەگەڵ سەرکۆماردا بەشیاندەکرد، ئەم یاسایە توانای ئەوەی دا هەموو کاروکردەوەیەکی داپڵۆسینی سەردەمی عورفی بەرین بکرێت. هەر کە ئەم یاسایە بڕیاردرا، عیسمەت پاشا پرۆژەی یاسای دامەزراندنی دادگاکانی سەربەخۆیی خستە پێش چاوی ئەنجوومەن.

(*) ((Dustur)) Cilt 6-5-14-4.

سەرەڕای بەرهەڵستکردنی نوێنەرە ((پێشکەوتنخوازەکان)) ئەنجوومەن بڕیارێکی دەربارەی دامەزراندنی دوو دادگای سەربەخۆیی دەرکرد: یەکێکیان بۆ هەموو تورکیا کە بارەگای هەمیشەیی لە ئەنقەرا بوو. سنووری دەسەڵاتی بۆ دیاریکرابوو (حوکمی لەسێدارەدان دەرکردن بەپێی بڕیار و پەسەندکردنی ئەنجوومەنی گەلی تورکیا). دادگایەکی تریش لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کە دەسەڵاتی بێسنووریان پێدرابوو.

هەندێك لە رۆژنامەکانی تورکیا ناچاربوون دان بەوەدا بنێن کە ئەم یاسایە نوێیە هەندێك مافی ئاوهای دابووە عیسمەت پاشا کە حکومەتی ئەنقەرە لە ماوەی خەبات لە پێناوی سەربەخۆییدا نەیبوو. رۆژنامەی ((وقت)) نووسیبووی: ((ئەگەر لە هەندێك مادەی ئەم یاسایە دەربارەی پاراستنی ئاسایش بکۆڵینەوە دەبینین ئەم مافانە تاڕادەیەك بێسنوورن...))(*).

بڕیاردانی ئەم یاسایانە بە کردەوە بووە هۆی پاکتاوکردنەوەی هەموو چالاکییەکی بەرهەڵستکاری کە لە ئازادییە بورژوازییەکاندا رێگەیان پێدرابوو لە دەستوریشدا ئاشکراکرابوون. هەروا بووە هۆی تاکڕەوی تاقە یەك حزبی کەمالییەکان.

هەر بەپێی ئەو یاسایانە بوو کە حکومەت داخستنی نزیك بە تەواوی رۆژنامە بەرهەڵستکارەکانی بڕیاردا. لە ئەستەمبوڵ رۆژنامەی ((توحیدی ئەفکار)) و گۆڤاری ((سبیرلیورنات)) و رۆژنامەی

(*) "Vakit", 6-3-1925.

یەکێتییەکان ((سەربەخۆیی)) و سوین تەلگراف)) لە قرابزوف و ڕۆژنامەی ((پێشکەوتنخواز)) ((سەربەخۆیی)) و لە ئەدەنە ڕۆژنامەی ((صحبەت)) قەدەغەکران.

لە پاڵ ئەوانەشدا ڕۆژنامە چەپڕەوەکانی ((ئل یدینگ)) و ((ئەوراق چکیچ)) داخران(*).

هەروەك کۆڕ و کۆمەڵە فەرمانڕەواکان ڕایانگەیاند حکومەت گەلێك کاروکردەوەی یەك کالاّ کردنەوەی لەدژی ڕێبازی توندڕەوی گرتەبەر (سەبارەت بە چەپڕەوەکان و ڕاسترەوەکان).

لە ڕۆژی ٧ی ئاداردا ڕەشبگیری نێوەچلی ڕاگەیاندرا و لە ڕۆژی دواییدا مستەفا کەمال بانگەوازێکی بۆ دانیشتوان، بۆ سەرباز و فەرمانبەران بڵاوکردەوە و لەوێدا دووپاتیکردەوە کە ڕاپەڕیوەکان لەژێر پەردەی ئاییندا خۆیان شاردۆتەوە و ئامانجی دژی شۆڕشیان هەیە.

لە بانگەوازەکەدا وتراوە: لەسەر دانیشتوان و سوپا و دەزگای بەڕێوەبردن و پۆلیس و جەندرمەکان پێویستە ئەرکی سەرشانیان هەستپێبکەن بۆ یارمەتیدانی حکومەت و بەجێگەیاندنی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە(*).

(*) M. Toker, Seyh Seit ve Isyani. S. 82.

(*) M. Toker, Seyh Seit ve Isyani. S. 76-77.

ڕۆژنامەی ((وقت)) دەربارەی بانگەوازەکەی مستەفا کەمال نووسیبووی کە ئامانجی سەرەکی ئەم بانگەوازە چەسپاندنی دەستەڵاتی حکومەتە کە وا سەرنج دەدرا لە زۆر ناوچەی ولاتدا لەپێش ڕاپەڕینەکەدا لاواز بوو بوو(*).

لە ١٢ی ئاداری ١٩٢٥ دا دادگای سەربەخۆیی لە ئەنقەرا بانگەوازێکی بۆ هەڕەشەکردن بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە دادگایەکە بە توندی سزای هەر کەسێك دەدا کە لە دژی ڕژێم ڕای گشتی هانبدات و ڕاپەڕیوەکان هانبدات، یان هەر کەس لە خزمەتی بەیداخ هەڵبێت و کەسانیتر بۆ ڕاکردن لە سوپا قایل بکات، بەمەش یاریدەی ڕاپەڕیوەکان دەدات(*).

پاش چەند ڕۆژێك حزبی کۆماریی گەل پێشنیارەکەی حکومەتی پەسەندکرد. بۆ ئەوەی هەر حوکمێکی لەسێدارەدان کە لەلایەن دادگایەکی ناوچەی ڕاپەڕینەکەوە بدرێت، تەنیا لەلایەن سەرکردەی سوپایی ئەو ناوچەیەوە پەسەند بکرێت(*).

هەر کە ئەم مەسەلەیە خرایە پێش ئەنجوومەنی گەلی تورکیا دەمەقاڵەیەکی توندی خستەوە و بەرهەڵستکاران پێی قایلنەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنەکە لە ڕۆژی ٣١ی ئاداردا یاسای ژمارە (٦٩٥)ی دەرکرد و بەو پێیە پێشنیارەکەی حکومەتی پەسەندکرد.

(*) "Vakit" 2. 3. 1995.

(*) ئەمە لە گۆڤاری ((مەسەلەکانی کشتوکاڵ))، ١٩٣١ ژمارەی ١٩/١٠، ل١٠٨ وەرگیراوە.

(*) "Gazet" 31.3.1925.

له کۆتایی ئاداردا هێزەکانی حکومەت بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر ناوچەکانی راپەڕینەکە لە باکوور و لە باشـوور و باشووری رۆژهەڵاتـدا ئامـادەبوون. ژەنـەراڵ کەمالـەدین سـامی پاشـا سـەرکردەیی سـوپای تورکیای کرد و رایگەیاند کە لە مەسەلەی کورددا سێ ئەرکی سـەرەکی لەپێش حکومەتدایە:

١- ریشەکێشکردنی خوێنرێژانەی راپەڕیینەکە بەبێ بەزەیی، بـەم ئامانجـە لە رۆژانی یەکەمی نیسانی ١٩٢٥ دا نەخشەی دەسـتپێکردنی هێرشـێکی گشتی کێشرابوو، دەبوو لەشکری ٧ و ٨ و ٩ هەروا لە پێنج تیپەکـە یـەك تیپ بەشداری تێدابکەن. سەرەڕای سێ فەیلەق.

٢- چەککردنی هەموو کوردەکان، ئەگەرچی لە راپەڕینەکـەدا بەشـدارییان کردبێ یان نا.

٣- دابەشکردنی کوردەکان بەسەر ناوچەکانی وڵاتـدا بـۆ ئـەوەی لـە هـیچ ناوچەیەکدا زۆربە نەبن و نیشتەجێکردنی تورکەکان لە ناوچە کوردییەکان.

بەگشتی حکومەتی تورکیا لە سیاسەتەکەی خۆیدا بەرامبەر بە کوردەکـان ئەو سێ بەندەی دەست پێوەگرت.

ئیمپریالیزمیش بـۆ لـەناوبردنی راپـەڕینی کـوردان خزمـەتێکی زۆری بـە حکومەتی تورکیا پێشکەشکرد. رێگەی پێدا لەناو خاکی سوریاوە بۆ سـەر کـوردانی راپـەڕیو تێوەرگەڕێتـەوە و لـە باشـووری رۆژهەڵاتـەوە تـەنگیان پێهەڵبچنێت.

له نیوەی دووەمی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٢٥ دا سەرکردایەتی تورکیا بانگەوازێکی ئاڕاستەی دانیشتوانی ئەرزڕۆم، ئازربایجان، دەرسیم، ئال عەزیز، مەلاتیا، ئەوامنا، وان، سیرت، موش، گەنج کرد. لەو بانگەوازەدا هاتووە:

((لەشکری تەمبێ کردن خۆی ئامادەکردووە ... بەتوندی لە هەر کەسێك دەسرەوێنی کە دژی حکومەتی کۆماری بجولێتەوە. پێویستە دانیشتوان بێگوناهیی خۆیان بسەلمێنن و لایەنگیریی کۆمار ئاشکرا بکەن. بۆ ئەوەی کە لێیان نەدرێ دەبێ دوژمنایەتی راپەڕییوەکان بکەن. دەستبەجێ دەستپێشخەری بکەن و لای کاربەدەستانی مەدەنی و عەسکەریی کۆمارەکە ناونووسکردنی خۆیان لەریزی سوپادا ئاشکرا بکەن.....))(*).

لە سەرەتای مانگی نیساندا سەرکردایەتی سوپا ئاگادارییەکی بلاوکردەوە. لەوێدا بەلێنیدا کە هەر کەسێك بە زیندوویی شێخ سەعید بگرێ و تەسلیمی بکات خەلات دەکرێ کە نزیکەی هەزار لیرەی ئالتونە (دەکاتە ٨ هەزار لیرەی کاغەز). ئەگەر بە مردوویی لاشەکەی بدەنە کاربەدەستان ئەوا چەند خەلات وەردەگرن و لە سزاکانیان خۆش دەبن(*).

بەم چەشنە کاربەدەستانی تورکیا هەموو جۆرە رێوشوێنێکیان بەکارهێنا. هەر لە داپلۆسینی درندانەوە تا دەگاتە ویژدان کڕین، هەمووی بە ئامانجی

(*) "Jurnal dorint" 24.3.1925.

(*) "Jurnal dorint" 24.3.1925.

لەناوبردنی راپەڕینەکە و ئاسانکردنی ئەرکی ریشەکێشانی بزووتنەوەی رزگاری بەخشی کوردەکان.

بەلاّم سەرەڕای زاڵبوونی هێزەکانی تورك لە بارەی ژمارە و فیشەکەوە کوردەکان لەسەر بەرگریکردن بەردەوامبوون، لەو هەلومەرجەشدا سەرکردایەتی تورك ئاگادارییەکی تازەی بۆ کوردەکان بلاّوکردەوە و داوای لێکردن کە چەك دابنێن و بە رێگەی بەدەستەوەدانی سەرکردەکانیان گەردنی خۆیان ئازاد بکەن، ئەگەر وانەکەن- واتە کوردەکان- ئەوا دەکەونە بەردەم توندترین سزادانەوە(*).

دادگای سەربەخۆییش لەلای خۆیەوە دەستیکردە هەڕەشە و گوڕەشە. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٢٥ دا بانگەوازێکی بۆ دانیشتوان بلاّوکردەوە تێیدا رایگەیاند کە بڕیارەکانی ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: ویلایەتی ئەرگانی، ئالعەزیز، دیاربەکر، عرفە، هەکاری، دەرسیم، سیفیرك، سیرت، ماردین، ملاتیا، موش، گەنج و تەبلیس و هەروا ناوچەی خنس و کیفی کە سەر بە ویلایەتی ئەرزوڕۆمن.

هەروا دادگا دەسەلاّتی هەیە کە بەپێی دەستووری کۆمار دەتوانێ توندترین سزا بدات و بچووکترین کردەوە لەدژی ئاسایشی کۆمار و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە تاوانێکی گەورە و خیانەت و ناپاکی بەرامبەر نیشتمان دادەنرێ(*).

(*) "ADSAM" 13.4.1925.

(*) Istanbul 14.4.1925.

له ناوەڕاستی نیساندا لە دۆڵی غینج و بەهۆی ناپاکی و خیانەتی قاسم جبرانەوە گەمارۆی هێزە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینەکە درا و لەسەر پردەکەی سەر موورادج شێخ سەعید و سەرکردەکانی تری ڕاپەڕینەکە گیران، لەگەڵ شێخ سەعیددا شێخ عەبدوڵلا و شێخ عەلی و شێخ غالب و ڕشید ئاغا و محەمەد ئاغا، هەروا بیست و شەش شۆڕشگێڕی تری کورد گیران(*).

لە دوای بەدیلگرتنی سەرکردایەتی چەند دەستەیەکی شۆڕشگێڕان بۆ زنجیرە چیای شرفەدین هەڵهاتن (کە ٤٥کم لە باکووری ڕۆژهەلاتی موشەوە دوورە) لەوێ گەمارۆدران و لەناوبران.

بەکردەوە ڕاپەڕینەکە دامرکێندرایەوە، بەڵام فەرمانڕەوا تورکەکان هەر لەسەر کاروکردەوەی داپڵۆسینی یاسایی و بەڕێوەبەری درێژەیان داو بەو پێیە سزای بەشدارانی ڕاپەڕینەکە و کەسانی تریشیان دەدا و هەموو چالاکییەکی بەرهەڵستکارییان قەدەغە کردبوو. بۆ نموونە لە بیستەمی نیسانی ١٩٢٥ دا ئەنجوومەنی گشتی پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا ماوەی حوکمی عورفی لە ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە و ویلایەتەکانی دەوروپشتی بۆ ماوەی حەوت مانگی تر درێژبکاتەوە و هەر لەو کاتەدا ڕێگەی دایە حکومەت کە لەو ویلایەتانەدا ئالوگۆڕی ئیداری بکات. ئەنجومەنی گشتی پەرلەمان بۆ ماوەی شەش مانگی تر چالاکی دادگایەکانی سەربەخۆیی لە

(*) S. S. AYDEMIR T. Adam, Mustafa Kamal.

دیاربـەکر و ئەنقـەرا درێـژکردەوە و دەسـتەڵاتی جێبـەجێکردنی حـوکمی لەسێدارەدانی پێدان(*).

لە رۆژی ٢٢ی نیسانی ١٩٢٥ دا ئەنجومەنەکە یاسای ژمارە ٦٣٥ی دەربارەی ئاڵوگۆڕەکانی ناو یاسای تاوانەکان لە وڵاتدا بڕیاردا. بەپێی ئەم ئاڵوگۆڕە هـەر کەسێك هەوڵی گۆڕین یان هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بدات. یان هـەر کەسـێك بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومـەن هەوڵبـدات و کۆسـپ بخاتـە رێگـەی کاروبارەکانی، یان گەل بـۆ راپـەڕین لـەدژی حکومـەت راکێـشی و خـەڵکی تورکیا بۆ یەکتر کوشتن هان بدات حوکمی لە سێدارەدان دەدرێت.

لـە رۆژی ٣١ی ئایـاردا مـستەفا کـەمال بانگـەوازێکی بـۆ دانیـشتوان بڵاوکردەوە و تیایدا گوتی حکومـەت ئـەو سـوپایە بـڵاوە پێناکـا کـە بـۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەی کـوردان نێـردراوە و دادگاکـانی سـەربەخۆیی لەسەرکاری خۆیان بەردەوام دەبن، هەروا رایگەیاند کە هەر کەسێك هەوڵی رووخاندنی کۆمار بدات یان کۆسپ بخاتە بەردەم پێشکەوتنی نیـشتمان بـە توندی لێیدەدرێ(*).

راپەڕینەکـەی شـێخ سـەعید بـەهۆی هەنـدێك هـۆی نـاوخۆ و دەرەوە ژێرکەوتنی ئەنجام بوو.

(*) Dustur cilt 6.5.566. 568-569.

(*) B. Cemal Syeh Said Isyani 5.73.75.

هۆی سەرەكی ئەوەبوو كە لە بارەی عەسكەرییەوە حكومەت بە ژمارەو بە فیشەك بەهێزتر بوو. لەسەردەمی راپەرینەكەدا فەرمانڕەوایانی توركیا گۆڕینێكی كەمیان لە پێنج فەیلەقی عەسكەریدا كرد و بۆ ئەو مەبەستەش لاوانی پێنج دەورەیان بۆ خزمەتی یەدەگی بانگكرد و هەموو ئەم هێزانە لە رۆژهەلاّت و ناوخۆی ولاّتدا كۆكرانەوە. تا ناوچەی راپەرینەكە گەمارۆ بدەن و بە لێدانێكی جگەر بڕ كۆتایی پێبهێنن. لە ریشەكێشكردنی راپەرینەكەدا چەند تیپێكی عەسكەری بەشداربوون وەك تیپی پیادەی دووەم و سێیەم و هەشتەم و دوانزەیەم و حەڤدەیەم و تیپی سوارەی یەكەم و چواردەیەم و كەتیبەی سێیەم و چوارەمی جەندرمە پاسەوانەكانی سنوور و فەیلەقی حەوتەمی سوپا و چەند بەشێكی تیپی پیادەی حەوتەم و چل و یەكەم لە ئەدەنە، ملاتیا و بنغدی و چەند بەشێكی فەیلەقی نۆیەم كە لە دیاربەكر بوو. ئەمە سەرەڕای بەشدار بوونی (١٢) فڕۆكە(*) بە پێی قسەی ئیسماعیل حەقی كە لە بزووتنەوەی كورددا بەشداربووە، هەروا ٢٠٠ هەزار سەربازی تورك لەدژی (٤٠) هەزار جەنگاوەری كورد.

هەروا بەپێی دانپیانانی مستەفا كەمال، هەردوو تیپی هەشتەم و نۆیەمی سوپای توركیا بۆ شەڕ ئامادەكراون(*).

(*) بڕوانە س. ب- ئەفاناسیف- وەزعی كەمە نەتەوایەتییەكانی توركیا، یەریڤان، ١٩٦٣.

(*) K. Axatura Nutuk. Cilt 2.5.893.

دووەمین هۆی ژێرکەوتنی راپەڕینەکە نەبوونی یەکێتی بوو لە نێوان سەرۆکی خێڵەکاندا و هەندێکیان پشتگیری شێخ سەعیدیان نەکرد. لەکاتی بەرپابوونی راپەڕینەکەدا هەندێك لە سەرۆکی خێڵەکانی موش و سیرت و ناوچەکانی تر بروسکەیان بۆ ئەنجوومەن نارد و لەدژی کردەوەکانی شێخ سسەعید راوەستان و لەو بروسکانەدا پشتگیری و دڵسۆزی خۆیان بۆ حکومەت دووپاتکردەوە(*). هەروا خێڵەکانی دەرسیم پشتیوانی شێخ سەعیدیان نەکرد. دەتوانین ئەم هەڵوێستەی سەرۆك خێڵەکانی دەرسیم والێك بدەینەوە کە ئەوان باوەڕیان بە سەرکەوتنی راپەڕینەکە نەبووە و لەوەش ترساون هەڵوێستی نیوە سەربەخۆی خۆیان لەدەستبدەن، سەرەڕای ئەمەش نزیکەی تەواوی خێڵە کوردەکان لە پێناوی مافی نەتەوەییدا بەشداریی خەباتیان کرد، بەڵام یەکگرتوو نەبوون، چونکە بەردەوام ناکۆکییان لەناودا هەبوو. ئەم راستییەش رێگەی نەدان راست بنەوە و بگەنە ئاستی ئەرکە بەرزەکانی نەتەوەیی و هێنانەدی سەرکەوتنی کۆتایی. بەپێی ژمێرەکانی رۆژنامەگەریی تورکیا ئەم راپەڕینەی شێخ سەعید لە گەنجینەی تورکیا پەنجا ملیۆن لیرەی تێچوو(*) ئەم پارەیە چوارییەکی هەموو بوودجەی ساڵانەی وڵات بوو.

(*) "Aksam" 26-2-1925.

(*) Hakimiyeti Milliye 4-5-1925.

سێیەمین هۆی ژێرکەوتنی ڕاپەڕینەکە نەبوونی ڕێکوپێکی سیاسی یەکگرتووی بەهێزبوو، کە بەرنامەیەکی ئاشکرای بۆ کارکردن هەبێ، جا هەرچەندە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لەخۆ ئامادەکردندا بۆ ڕاپەڕینەکە دەورێکی گەورەی گێڕا، بەڵام بۆی نەکرا دەورێکی یەکالاکەرەوە لەسەرکردەیی ڕاپەڕینەکەدا بگێڕێت. لەوەش بەولاوە دەستگیرکردنی عەقید خالد جبران بەگ و ڕۆشنبیرانی تری کورد تاڕادەیەك بزووتنەوەی کوردی لە ڕابەرانی هۆشمەند و پێگەیشتوو بێبەش کرد, بزووتنەوەی کورد لە ڕاستیدا بەبێ ڕێکخەرانی سیاسی مایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕاپەڕینەکە لەپێش وادەی خۆیدا بەرپابکرێت، بەپێی هەلومەرجەکە شێخ سەعید سەرکردایەتی کرد. بەتەنیا نیشتمانپەروەرێتی شێخ سەعید و کارکردنی گەورەی لەسەر دانیشتوان، هەروا پاڵەوانێتی ڕاپەڕیوەکان بەس نەبوون بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە و هەروا نەبوونی پشتگیری دەرەوە بۆ ڕاپەڕینەکە هۆیەکی گرنگ بوو، کە لە هۆیەکانی تر کەمتر نەبوو. لە ئەنجامی ئەم هۆیانە و هەندێك هۆی تردا ڕاپەڕینەکەی کوردان لەلایەن فەرمانڕەوا تورکەکانەوە ڕیشەکێشکرا.

گیرانی رابەرانی کورد و مەحکەمەکردنیان

کەمالییەکان دەیانزانی کە چەند رێکخراوی نهێنیی کوردی هەیە. لەبەر ئەوەبوو هەندێك کاوباریان بۆ بێبەشکردنی ئەم رێکخراوانە لە سەرکردەکانیان جێبەجێکرد. بۆ نموونە ئەوەبوو نۆکەرێکی پۆلیسی نهێنی تورکییان ناردە لای سەید عەبدولقادری سەرکردەی کۆمەڵەی بووژاندنەوەی کوردستان، ئەم نۆکەرە وا خۆی بە سەید عەبدولقادر ناساند کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز فەرمانبەرە و ئامادەیە (٨٠) هەشتا ملیۆن لیرەی پێبدات. بەڵام سەید عەبدولقادر قایلنەبوو چەکی ئەو پارەییە وەربگرێت، هەروا قایلنەبوو رێکەوتنێك مۆربکات کە میتی تورکیا رێکی خستبوو. ئەم نۆکەرە خستییە پێش چاوی بۆ رێکخستنی راپەرینێك، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چارەنووسی رابەرە کوردەکان لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کەمالییەکانەوە بڕیاردرا لە رۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٢٥ دا بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ سەید عەبدولقادر و سەید محەمەدی کوڕی (خەڵکی سلێمانییە) و کوڕی عەبدوڵڵا سعادی، هەروەها سەرۆکی خێڵەکانی هۆشنبان کە لای سەید عەبدولقادر لە سعادیە (ئەستەمبوڵ) بوون، گیران.

لە پاڵ ئەوەشدا سەرۆکی پۆلیسی ئەستەمبوڵ هەندێ کاروباری بەڕێوەبەرێتی بەجێگەیاند بە مەبەستی سنووردانان بۆ هەڵسوڕانی کوردەکان لە ئەستەمبوڵ ژمارەی کوردەکان لەوێ نزیکەی دە هەزار کەس دەبوون کە زۆربەیان حەمال بوون(*).

لە ١٤ی ئایاردا لە دیاربەکر مەحکەمەکردنی سەید عەبدولقادر و پیاوانی ناسراو کە گیرابوون، بە تاوانی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دەستپێکرد. سری بەگ کە داواکاری گشتی دادگای سەربەخۆیی بوو لای رۆژنامە نووسەکان گوتی: ((سەناتۆری پێشوو سەید عەبدولقادر و لایەنگیرەکانی تا ناوەڕاستی نیسان بە چالاکی بۆ سەرکەوتنی راپەڕینەکە و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵیانداوە. ئەوانەش کە بە چالاکی کاریان لەگەڵ کردووە سەید محەمەدی کوڕی (خەڵکی سلێمانییە) و بەتایبەتی کور عەبدوڵڵا سعادی))(*).

لە دادگادا سەید عەبدولقادر نکۆڵی لە بەشداری کردنی راپەڕینەکەی شێخ سەعید کرد، تەنانەت لە دادگادا گوتی: ((ئەگەر ئاگاداری بەرپابوونی ئەم راپەڕینە بوومایە دەستبەجێ کاربەدەستانم ئاگادار دەکرد))، لە راستیشدا سەید عبدولقادر بەشداری راپەڕینەکەی نەکردبوو، بەڵام بێگومان ئاگاداری

(*) ISTANBUL. 26-8-1925.

(*) ISTANBUL. 7-5-1925.

خۆئامادەکردن بوو بۆ راپەڕینەکە بەتایبەتی پاش یەکتر دیتنی لەگەڵ عەلی رەزا (کە کوڕی شێخ سەعیدە) لە ئەستەمبوڵ.

هەر لەو کاتەشدا کورسعادی لە دادگادا زۆر ناشیرین جولایەوە و لە راستیدا بۆ گرتنی پیاوە کوردە ناسراوەکان یارمەتیدا و هەر بەخۆشی خۆی باسی بزووتنەوەی رابەرانی کوردی کرد و گوتی: بەڵێ ئەمانە چەندان ساڵە هەوڵدەدەن کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێ ئەوەیە پێش جەنگی یەکەمی جیهان دەستیبەکارکردووە و بۆ ئەوەش بوو بۆلای نایف نیردرا و لە دامەزراندنی کۆمەڵەی جۆربەجۆری کورددا بەشداریکرد و لەماوەی شەڕی رزگاریخوازیدا لە دژی هێزە نیشتمانپەروەرەکان هەستا، لەمەش زیاتر هەر بەویستی خۆی رایگەیاند کە سەید عەبدولقادر سەرکردەی هەموو هەڵسوڕانێکی کوردان بووە و گوتی: ((تەنانەت بەبێ ئاگاداربوونی سەید عەبدولقادر پارچە کاغەزێك لە کوردستان نالەرێتەوە))(*).

لە ناوەڕاستی ئایاری ١٩٢٥ دا دادگای سەربەخۆیی دیاربەکر تەماشای مەسەلەی کەمال فەوزی بەدلیسی کرد. ناوبراو بۆ دادگای ئاشکراکرد کە لە کاتی شۆڕشدا لە ئەستەمبوڵ بووە و هەروا رایگەیاند کە لە یەك کاتدا ئەندامی دوو کۆمەڵەی کوردی بووە. کۆمەڵەی بووژاندنەوەی کوردستان و ((کۆمەڵەی ویلایەتەکانی رۆژهەلات)) کە لەڕاستیدا ((کۆمەڵەی

(*) M. TOKAR, Seyh Sait ve Isyani, 5. 117.

سەربەخۆیی کوردستان)) بوو، پاشان بۆ ماوەی دوو مانگ سـکرتێری ئـەو کۆمەڵەیە بوو، پاشان دەستی لەو پایەیە بەردا بۆ ئەوەی رۆژنامەی کـوردی (ژین) دەربکات. هـەروا کـەمال فـەوزی چاپەمەنی جۆربـەجۆری کـوردی بڵاوکردەوە و بەناو خەڵکیـدا دابەشـی دەکـرد. ئەمەشـی بـەهۆی سـەرۆك خێڵەکانی شیرنال و ویلایەتی سیرتەوە دەکرد(*).

پاش کۆتایی هاتنی کاروباری دادگا سەید عەبدولقادر و سەید محەمـەدی کوڕی و حاجی ئاختی پـارێزەر و کورسـعادی و رۆژنامـەنووس و پیـاوی ناسراوی کۆمەڵایەتی کورد کەمال فەوزی و خواجە عەسکەری حوکمی لە سێدارەدانیان تا مردن درا بەسەرا(*).

پاش چـوار رۆژ واتـە لـە ٢٧ی ئایـاری ١٩٢٥ دا لـە دیاربـەکر فـەرمانی خنکاندنی کەمال فەوزی و حاجی ئاختی و سەید عەبدولقادر و کورعبدوڵلا سعادی و خواجە عەسکەری جێبەجێکرا و لـەپێش لەسـێدارەدانیدا حـاجی ئـاختی هـاواری کـرد: ((بـژی خـەبات لـەپێناوی کوردسـتاندا، بـژی کوردسـتان))(*)، بـەلام سـەید عەبـدولقادر هیـواداریی پێـشاندا کـە لەسـێدارەدانی ببێتـە هـۆی بـەهێزکردنی کۆشـشی کـوردان لـەپێناوی رزگاربوونی نەتەوەییدا.

(*) ((Aksam)) 12-5-1925.

(*)M. TOKAR, Seyh Sait ve Isyani, 5. 118.

(*) JORNAL, Seyh Sait ve Isyani 5-118.

لەكاتی لێكۆڵینەوەدا دەركەوت كە لە دیاربەكر لەپێش و لەكاتی ڕاپەڕینەكەدا ڕێكخراوێكی نهێنی كوردی هەبووە، ئەم ڕێكخراوەیە یاریدەی ڕاپەڕیوەكانی داوە و نیازی وابووە شارەكەیان بەدەستەوە بدات، بەڵام ڕابەرەكانی پێشەكی لەلایەن كاربەدەستانەوە گیراون. هەر ئەمەش تاڕادەیەكی گەورە ژێر كەوتنی ڕاپەڕینەكە لە دیاربەكر لێكدەداتەوە. بەتایبەتی لەو كاتەدا كە شێخ سەعید دەوری شاری گرتبوو. دكتۆر فوئاد ئەندامێكی بەكاری ئەم ڕێكخراوەیە بوو.

لەكاتێ لێكۆڵینەوەدا لەگەڵ فوئاد بەگ لە دیاربەكر نامەكانی كە بۆ فەرید پاشای وەزیری پێشووی جەنگ لە حكومەتەكەی سوڵتاندا ناردبوو خوێندرایەوە. لەم نامانەدا ڕاست و ڕەوان سۆز و خۆشەویستی بزووتنەوەی كوردی باسكردبوو[*].

لە نیسانی ١٩٢٥ دا، دكتۆر فوئاد بەگ لەبەر چالاكی بۆ پێكەوەنانی كوردستانێكی سەربەخۆ لەلایەن دادگای سەربەخۆییەوە حوكمی لەسێدارەدانی بەسەردرا. مەزهەر موفتی بەگی سەرۆكی دادگا ئەم حوكمەی ڕاگەیاند و ڕووی‌كردە دكتۆر فوئاد بەگ و گوتی: بەهۆی تاوانەكەتەوە كە بۆتە هۆی ڕاپەڕینێكی خوێناوی سزای مردنت بەسەردا

(*) بڕوانە م- حەسرەتیان: سیاسەتی فەرمانڕەوایانی تورك.

دەدرێ و دەبێ پیاوانە رووبەڕووی ئەم حوکمە ببیتەوە. دکتۆر فوئاد بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی: من ئەو پیاوەتییەم تێدایە(*).

لەبەردەمی پەتی سێدارەدا دکتۆر فوئاد هاواریکرد: ((من هەمیشە خەونی ئەوەم دەدی کە لەپێناوی نیشتمانەکەمدا گیانم بەختبکەم و ئێستاش هیچ گومانم لەوە نییە کە ئاڵای سەربەخۆیی لەسەر ئەم خاکەی ئێستا ئێمەی لەسەر لەسێدارە دەدرێین بەرزدەکرێتەوە)).

لە کۆتایی ئایاری ١٩٢٥ دا دادگاییکردنی شێخ سەعید و رابەرانی تری راپەڕینەکە دەستیپێکرد و مانگێکی تەواوی خایاند.

لە قەفەزی تاوانباریدا شان بە شانی شێخ سەعید ئەمانەش راوەستابوون: شێخ عەبدوڵڵا (خەڵکی میلیکان) و چەند کەسێك بەناوی رەشید و رائیدی تەقاویتکراو ئیسماعیل و مەلا ئیمام و شێخ عەلی و شێخ ئیسماعیلی خەڵکی جزیرە و شێخ عەبدوللەتیفی خەڵکی جەزیرە و کامل و بابا بیك رەشید تیمور و محەمەد و سلێمان و رائیدی تەقاویتکراو بەحری ئەمین و شەوکەت و مەقسود و حەمید و عەبدولمەجید کە داواکاری گشتی بوو لە مەلازگرد، شێخ شەریف و سلێمان (خەڵکی چەبەق چوور) عەلی و یوسف حسێن و مەلا جەمال کە مامۆستای سەرەتایی بوو، نیعمەت و ئەحمەد و

(*) بڕوانە: م. ا. حەسرەتیان، سیاسەتی فەرمانڕەوا تورکەکان لە راستی دانیشتووە کوردەکاندا (١٩٢٤-١٩٣٩) ((هەندێ کورتە زانیاری))، ١٩٦١، ژمارە ٣٠، ل١٢٥.

محەمەد موکری کە لە جەندرمەدا مولازم بوو، نیازی کە لە گەنج فەرمانبەری تەندروستی بوو، حاجی سادق و کەسانی تریش(*).

لە ٢٩ی ئایاری ١٩٢٥ دا دادگای سەربەخۆیی لە دیاربەکر ٤٧ کەسی لە بەشدارانی راپەڕینەکە لە سەرووی هەموویانەوە شێخ سەعیدی بە خنکاندن تا مردن حوکم داو بۆ رۆژی دوایی حوکمەکەیان جێبەجێ کرد.

لەبەردەمی پەتی سێدارەدا شێخ سەعید گوتی: ((من گەیشتمە کۆتایی ژیانی ئاسایی خۆم و پەشیمانیش نیم لەوەی کەوا ژیانی خۆم لەپێناوی نیشتمانەکەم و لەپێناوی گەلەکەمدا دەکەمە قوربانی و ئەوەندەمان بەسە نەوەکانمان لەبەردەمی دوژمندا شەرمەزار نابن)).

بە خنکاندنی شێخ سەعید و رابەرانی تر کوشت و بڕ و داپلۆسین بەرامبەر بەشدارانی راپەڕینەکە کۆتایی نەهات، کاربەدەستانی تورکیا تا ماوەیەکی دووروودرێژ گومانیان لە هەر کەس بکردایە راویان دەنا و دەیانگرت تا بیدەنە دادگای سەربەخۆیی تا حوکمی سەختی بەسەردا بدەن.

کاربەدەستە فەرمانڕەواکانی تورك راپەڕینەکەیان کردە مۆڵەت، نەك تەنیا بۆ کوشت و بڕینی بەشدارانی، بەڵکو تەنانەت بەرامبەر هەموو کوردە خاوەن دەسەڵاتەکان و لایەنگرەکانی کەمالییەکانیش. بۆ نموونە: حەسەن خەیری کە لە ئەنجوومەنی گەلی تورکیدا نوێنەری رۆشنبیرەکان بوو

(*) سەرچاوەی پێشوو.

نامەیەکی لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا بۆ دەرسیمییەکان نارد و بۆ بێدەنگی و ئارامی هانیدابوون(*)، لەگەڵ ئەمەشدا دوای ریشەکێشانی ڕاپەڕینەکە لەلایەن کاربەدەستانەوە بە فەرمانی مستەفا کەمال خۆی لەگەڵ جەلال محەمەدی برازایدا گرتیان. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا عەلی سائیب کە سەرۆکی دادگای سەربەخۆیی بوو ڕووی کردە حەسەن خەیری و گوتی: تۆ لە ئەنقەرە بە جلوبەرگی کوردییەوە دەهاتییە ئەنجوومەن. بەم کارەش پڕوپاگەندەی کوردایەتیت دەکرد.

حەسەن خەیری لەکاتی مەحکەمە کردنەکەیدا لە دادگادا گوتی لەسەر داخوازی مستەفا کەمال بووە کە بە جلوبەرگی کوردییەوە هاتۆتە ئەنجومەن. بروسکەشی بۆ کۆنگرەی لۆزان ناردووە و ڕایگەیاندووە کە کوردەکان حەز ناکەن لە تورکەکان جیاببنەوە، بەڵام ئەم قسانەی ناو دادگا کاری نەکردە سەر ئەندامانی دادگایەکە و دەستی پێ نەگێڕانەوە، بەڵکو بڕیاری خۆیاندا کە حەسەن خەیری و جەلال محەمەدی برازای لەسێدارە بدرێن.

دەشێ حەسەن خەیری لەپێش خنکاندنیدا هەستی کردبێ کە سیاسەتی کەمالییەکان پێچەوانەی کوردانە. لەبەر ئەوە بوو ڕێزی تەواوی نا لەو کوردانەی خۆیان کردە قوربانی لە پێناوی گەلەکەیاندا و لەبەردەمی پەتی

(*) I. Gid, 5. 188, 190.

سێدارەدا هاواریکرد: ((بژی گەلی کورد، ئەی قوربانییەکانی کوردستان ئێستا وا ئیتر حەسەن خەیری دێتە پاڵتان)).

لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٢٥ دا دادگای سەربەخۆیی لە دیاربەکر حوکمی لەسێدارەدانی دا بەسەر بوغوس-ی ئاسنگەری کوڕی هاکار کە لە جیمسکیزس لەدایك ببوو، بەهۆی بەشداریکردنی کاریگەرەوە لە راپەڕینی کوردانـدا و بە تاوانی جاسوسی کردن بۆ بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕان لە هاربوت))(*).

بەپێی نووسینی رۆژنامەکانی تورکیا لە کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٥ دا دادگای پارێزگەکانی رۆژهەڵات ٣٧٩ مەسەلەیان دەرهەق بە ١٨٥٥ کەس تەماشا کردووە.

هەر لەو کاتەدا ئەو دادگایە تەماشای ١٣٨ مەسەلەی کردووە سەبارەت بە ٦٩٠ کەس کە ١٢٠ کەسیان حوکمی لەسێدارەدان دراون. لەمانە ٢١ کەسیان ئامادە نەبوون، ١١٦ کەسیشیان بۆ ماوەی جۆربەجۆر بەندکراون و ١٠٤ کەسیشیان دراونە دادگای تر و ئەوانی تریش بێ گوناه دەرچوون(*).

(*) ISTANBUL. 28. 9. 1925.

(*) GAZET. 25. 9. 1925.

بەلاّم بەپێی زانیارییەکانی م. ن. دەرسیمی دادگای سەربەخۆیی تەنیا لە هاربوت حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر ٤٠٠ کەسی کورددا داوە لە بالو و چەبەق چوور(*).

لێکۆڵینەوەی باری پێکهاتنی کۆمەلایەتی ئەو کەسانەی راکێشی دادگا کران، یان حوکمی مردنیان بەسەرا درا، ئەوە دەردەخات کە ئەوانەی لە ئامادەکردنی راپەڕینەکەدا بەشداریان کردووە ئەو ئەفسەرە کوردانە بوون کەلای تورکەکان خزمەتیان دەکرد. هەروا شێخەکان و خاوەن مولکەکانی زەوی و زار و نوێنەرانی پێشووی پەرلەمانی سولّتان، هەروا ئەنجومەن و بازرگان و رۆژنامەنووس و مامۆستا و دکتۆری بەیتالّ و کەسانی تری رۆشنبیری کوردبوون، هەر لەو کاتەشدا بەشداریکردنی توێژە کۆمەلایەتییە جۆربەجۆرەکانی کورد لە راپەڕینەکەدا ئەوە دەسەلّمێنیّ کە تەنیا خەبات لە پێناوی رزگاربوون لە تەوق و کۆتی تورکەکان هەموویانی یەك خستووە.

شتێکی بەکەلّکە ئەوەش باسبکەین کە ئاشوورییەکان و چەرکەسەکانیش بە ژمارەیەکی کەم شان بەشانی کوردان بەشداری راپەڕینەکەیان کردبوو، بەلاّم بەشداریی ئەم کەمایەتییانە لە راپەڕینەکەدا (بەو کەمایەتیەشەوە کە موسلّمان نییە) مانایەکی تایبەتی هەیە و ئەوە دەگەیەنیّ کە ئەم کەمایەتییانە لە سیاسەتی تاواندنەوە و شۆفێنیزمی فەرمانڕەوا تورکە کۆنەپەرستەکان زۆر بێزاربوون.

(*) M. N. Dersimi, Kurdistan Tarihinde. Dersim 5-181.

سەبارەت بە بەشداریی کەمە نەتەوایەتییەکان لە راپەڕینی کوردانـدا ڕۆژنامەکانی تورکیاش هەندێ شتیان نووسی بوو. ڕۆژنامەی ((حاکمیتی میللی)) نووسویەتی دەڵێ: ((نەك تەنیا ئاشوورییەکان، بەڵکو هەروەها ئەرمەنییەکانیش چووبوونە پاڵ کوردە راپەڕیوەکان، بەئامانجی پێکەوەنانی ئەرمینیایەکی سەربەخۆی یەکگرتوو لەگەڵ کوردستان(*))).

سەرکردایەتی فەیلەقی عەسکەری تورك، لە هەوڵدانێکیدا بۆ خۆشکردنی ئاگری فیتنەی تایەفەگەری لە نێوان تورك و کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکاندا، بڵاوکراوێکی بەناوچەکەدا پەخشکرد کە دەڵێ: ((شێخ سەعید کە لەناوچەی غنجدا سەرکردایەتی راپەڕینەکەی کرد. هەروەها لە بزووتنەوەی ئاشوورییەکانیشدا بەشداربوو، لەلایەن دادگای سوپاییەوە لە بەدلیس بەهۆی ناپاکییەوە بەرامبەر نیشتمان تاوانبارکرا، لای بەدیل گیراوە ئاشووری و ئەرمەنییەکان هەندێك بەڵگەنامە دۆزراونەتەوە کە هاریکاری شێخ سەعید لەگەڵ ئەرمەن و ئاشوورییەکان دەسەلمێنن، بە ئامانجی پێکەوەنانی کوردستانێکی سەربەخۆ. حەزکردن لە تۆڵەسەندنەوە لەدژی ئێمە، وای لە ئەرمەنییەکان کردووە کە هەموو هەلێك بکەنە مۆڵەت بۆ لەناوبردنی هەر رەگەزێك کە ئەرمەنی نەبێ. بەتایبەتی کوردەکان کە یاریدەیان پێشکەش دەکرێ، ئەوان دەیانەوێ لەسەر خاکی ئێمە و لەسەر دار و پەردووی رەگەزی موسوڵمان ئەرمینیایەکی نوێ

(*) Hakimiyeti Millye 2. 3. 1925.

دروستبکەن. ریشەکێشکردنی ئەو یاخیبووانە لە هەموو شوێنیك بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێ))، سەرۆکی فەیلەقەکە زۆرتر پێی هەڵدەبڕی و داوا دەکا ((سوود لە هەموو هەلێك وەربگیرێت بۆ تێگەیاندنی ئەم راستییە لە دانیشتوان))[*].

لەکاتی سەرکوتکردنی راپەڕینەکەدا کەمالییەکان ویستیان ناکۆکی نەتەوەیی و تایەفەگەری بخەنەوە، ئەمەش بە رێگەی هاندانی موسڵمانەکان بەرامبەر کەمایەتی فەلەکان لە وڵاتدا، بەڵام رابەرانی راپەڕینەکە هەڵوێستێکی جیاوازیان گرتەبەر و کاتێك شێخ سەعیدیان ئاگادارکرد کە هەندێك لایەنگیری ئەو عەزیەتی ئەرمەنەکان دەدەن، بەئاشکرا رایگەیاند: ((هەر کەسێك دەرهەق بە ئەرمەنییەکان خراپە بکات سەختترین سزای دەدرێ)) و رۆژنامەکانی ئەرمەنی رایانگەیاند کە دوای ئەوە هیچ کەس لە ئەرمەنییەکان تووشی خراپە نەبووە و هەروا رێکخراوە ئەرمەنییەکان و کوردەکان لە دەرەوەی وڵاتیش لە دژی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە تورکیادا دەستیان بە لێك نزیکبوونەوە کردووە.

دوای دامرکاندنەوەی شۆڕش و لەناوبردنی سەرکردەکانی، کوشت و بڕ دژی دانیشتوانی کورد و ئەرمەنی دەستپێکرد و سوپای تورکیا کەوتە تاڵان و سوتاندنی دێهات و پیرەمێرد و ئافرەت و منداڵ کوشتن.

(*) Gazet 5. 3. 1925.

ئارمستڕۆنگ باری کوشت و بڕو داپڵۆسینی کوردانی ئاشکرا کردبوو کە نووسیبووی: ((کوردستان کەوتۆتە بەرتینی شمشێر و ئاگر، پیاوانیان کوشت و لەسێدارەدران و دێهاتیان تالآنکرد و سوتاند، ئافرەت و منداڵیان کوشت، پیلانیان بۆ کوردان ڕێکخست و سەربڕینیان بۆ سازکردن. دڕندایەتی خوێن ڕشتن زۆر لەوە تێپەڕی کرد کە سوڵتان دەرهەق بە یۆنانی و ئەرمەن و بۆلگارەکان کردی .. بەپێی بڕیاری دادگایەکان چۆن بگونجایە و بکرایە کوردەکان لەسێدارەدەدران و دوور دەخرانەوە و بەند دەکران(*).

هەروا لەو نامانەدا کە کۆمەڵەی ئاشوورییەکان لە ئابی ١٩٢٥ دا بۆ کۆمەڵی نەتەوەکانیان ناردبوو دڕندەیی سوپای تورك و کوشت و بڕیان دەرهەق بە دانیشتوان باس کرابوون(*).

دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦ دا سەدان گوند وێرانکران و هەزاران ماڵ سوتێنران و بە هەزاران دانیشتوانی بێ وەی لە ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوو کوژران و ئاوارەکران.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا باری گوزەرانی گەلی کورد نەکەوتە بەرچاوی ڕێکخراوە جیهانییەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەمەش بانگەوازێکە لەو بانگەوازانەی کە لەلایەن پیاوانی ناوداری کوردەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان نێردراوە. ئەم بانگەوازانە لەلایەن نیشتمانپەروەری

(*) H. C. ARMSTRONG Grey Welf, Mustafa Kamal P. 26.

(*) Asia Francase Paris 1926, 238. P.86.

ناسراوی کورد (ئەحمەد عەلی حاجی سەبری)یەوە لە رۆژی ۲۵ی تەمووزی ۱۹۲۵ دا بەکۆمەڵەی نەتەوەکانی پێشکەشکردووە.

((... ئەوا دوو مانگ تێپەڕبوو کە خوێن وەك سیلاو لە ولآتەکەماندا دەڕژێت و گەلی کورد لەژێر باری زۆرداری بەربەرییەکاندا دەناڵێنی پاش ئەوەی کە نەیتوانی لەوە زیاتر شان بداتە بەر زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر چەك تا بە ئازادی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست، ئەو خەباتەی دەستمان داوەتێ مانەوەمان لە دوا رۆژدا زامندەکات و هەر لەسەر خەبات درێژە دەدەین تا بەتەواوی گەلەکەمان لەژێر دەستەی حکومەتی ئەنقەرا رزگاری دەبێ، گەلی کورد خۆی گەلێکی ئارییە و لەڕووی سەرچاوەی پەیدابوون و خوونەریت و زمانەوە هیچ پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا نییە. گوێپێنەدانی حکوومەتەکانی رۆژئاوا هانەی حکوومەتی ئەنقەرا دەدات کە سیاسەتی لەناوبردن و قەڵاچۆکردن دژی گەلی کوردمان پەیڕەو بکەن. ئەو سیاسەتەی کە سەرکەوتووانە دەرهەق بە ئەرمەن پەیڕەویان کرد. بزووتنەوەکەمان سروشتێکی ئاشکرای نەتەوەیی هەیە، گەلی کوردمان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و گەلانی پێشکەوتوو داوا دەکات یارمەتی بە کار و خێراو بەپەلەی بدەن. دەست تێوەردانی دەوڵەتانی رۆژئاوا نەك تەنیا ئەرکێکی مرۆڤ دۆستانەیە و بەس بەڵکو هەروەها

پێداویستیێکی سیاسیشه چونکه بەلای گەلی کوردەوە زامنی ئاشتییه لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا))(*).

بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان وەڵامی هیچ یەکێك لەم بانگەوازانەی نەدایەوە کە ئاڕاستەی کران، لەمەش زیاتر کۆمەڵی نەتەوەکان لە تەمووزی ١٩٢٥ دا بڕیارێکی دەرکرد تەماشای پڕۆتیستی کوردەکان نەکات و لەدژی ئەو کاروکردەوانەی حکومەتی تورکیا نەوەستێ کە ڕووبەڕووی کوردە ڕاپەڕیوەکانی کوردستانی تورکیا دەیکات.

دامرکاندنەوەی دڕندانەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ و لەسێدارەدانی زۆر لە ڕابەرانی بووە مایەی بێزاری و پڕۆتیستێکی زۆری خەڵکی کوردستانی خواروو.

بۆ نموونە لە ڕۆژی ٢٦ی تەمووزی ١٩٢٥ دا کوردەکان کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان لە باخچەی (مود) لە بەغدا سازکرد بۆ دەربڕینی بێزاری بەرامبەر دڕندەیی کاربەدەستانی تورکیا بەرامبەر کوردەکان.

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بروسکەیان بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان و حکومەتی دەوڵەتە گەورەکان نارد و داوایان لێکردن کە یارمەتی کوردانی

(*) GAZET 29. 6. 1925.

تورکیا بدەن(*). هەروا کوردانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و شـارەکانی تری کوردستانی عێراق بێزارییان دەربڕی، بـەڵام کـوردانی عێـراق و ئێـران نەیانتوانی یارمەتییەکی کاریگەر بە کوردانی تورکیا پێشکەش بکەن.

راپەڕینەکەی شێخ سەعید کارێکی زۆر قووڵی کردە سەر مێژووی گـەلی کورد، ئەمەش بەڕوونی لە ئەدەبی کورددا دەردەکـەوێ، بەتایبـەتی لـە داسـتانە بەناوبانگەکـەی شـاعیری نـاوداری کـورد پیرەمێـرددا. لـەم داستانەدا شاعیرەکە حکومەتی تورکیای شوبهاندووە بـە ((مەکینەیـەك کە ئەگەر بە خوێنی گەلی کـورد چـەورنەکرێ لـە کوردسـتاندا توانـای کارکردنی نابێ)).

(*) ڕۆژنامەی (ژین): ژمارەی ڕۆژی ١٩٦١/٥/٢٢، لە کتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد لە کوردستانی تورکیا) وەرگیراوە.

سروشتی راپەڕینەکە

راپەڕینەکەی شێخ سەعید چ لەبارەی فراوانی، یان لەڕووی ڕێکوپێکییەوە لە مێژووی گەلی کورددا نموونەی نەبووە. لێکدانەوەی هۆیەکانی ئەم راپەڕینە، لە رۆژنامەکانی تورکیا و رۆژنامەکانی رۆژئاوادا ناکۆکی و دەمەقاڵە و گفتوگۆیەکی زۆری بەرپاکردبوو. ئەم بیروڕایانە لەسەر بنەچەیەکی زانستی دانەڕێژرابوون، بەڵکو هەوەسی سیاسییە سەرگەرمەکانیان پێشاندەدا کە لەبارەی راپەڕینەکەی کوردانەوە نووسیبوویان و لەپێش هەموو شتێکەوە لە گۆشەی بەرژەوەندییەکانی وڵات و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە تێهەڵدەچوون.

رۆژنامەگەریی تورکیاش لەو قۆناغەدا، دەربارەی هۆیەکان و سروشتی راپەڕینەکە بیروڕایان جیاواز و ناکۆك بوو. هەندێك لەو باوەڕەدابوون کە راپەڕینەکە چەتەگەرییەکی چەند خێڵی دڕندەیە. رۆژنامەی (تانین) لەم بارەیەوە دەنووسێ: ((راپەڕینەکان خاوەنی بیروڕا و بڕوان، بەڵام ئاخۆ ئەم قەومە وەحشییە کۆچەرانە خاوەنی چ بیروباوەڕ و مەبدەئێکن ... ئەگەر بیروباوەڕ توانای گەیشتنە مێشکی ئەمانەی هەبوایە. هەڵبەت ئەم چەشنە کردەوانەیان نەدەکرد ... لە ئەقڵی ساویلکە و سادە و پووچی ئەمانەدا کە

نەزانین و مێشك پووتی و سوفیگەریی لە بیروباوەڕ و ژێری بێبەش کردوون، لەبەر ئەوە لای ئەمانە تەنیا یەك باوەڕ فەرمانڕەوایە ئەویش تالآن و چەتەگەرییە))[*].

بەپێی بیروڕای دووەم هۆی سەرەکی بەرپابوونی راپەڕینەکە دەمارتوندی ئایینی کوردەکان بوو. ئینسکلۆپیدیای تورکی (واتە موسوعە یان دائرە المعارف-وەرگێڕ) دەنووسێ: ((هەندێك لە سیاسییە خاینەکانی، نۆکەرانی بێگانە ... لەلایەکەوە ئاگری دەمارتوندییان هەڵگیرساند، لەلایەکی تریشەوە بەڵێنیان دابووە چیاییەکان کە خەڵکی شارەکان تالآن بکەن- ئەمانە بوونە هۆی بەرپابوونی راپەڕینەکە))[*].

لایەنگرانی ئەم بیروڕایە دووپاتیان دەکردەوە کە جوتیارەکان دواکەتوون و شێخەکان رابەرێتییان دەکەن، لەناوی خەلیفایەتی و سوڵتانییەوە لەدژی حوکمی جمهوری خەباتدەکەن ... بۆ دەرخستنی راستی ئەم بیروڕایەشیان هەندێ بروبیانوویان دەهێنایەوە کە شێخ و لایەنگرەکانی سەرۆکایەتی راپەڕینەکە دەکەن، لەوەش زیاتر ئەوەیان کردبوو بە قاو کە گوایە نوێنەری میراتگرانی سوڵتانی لێخراوی تورك لە راپەڕینەکەدا بەشدارە. ئەم بیروڕایە تەنانەت شایانی رەخنە لێگرتنیش نییە. پێش هەموو شتێك وەکو لەمەوبەر باسمانکرد، ئەوانەی کاریان بۆ راپەڕینەکە سازکرد شێخەکان

(*) ((Tanin)) 28. 2. 1925.

(*) Hayat Ansi "Lopedisi" Cilt 20, Istanbul, S. 4359.

نەبوون بەڵکو ((کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان)) بوو بە سەرۆکایەتی پیاوانی ناسراو و رۆشنبیری کوردی وەك خالد جبری بەگ کە لە سوپای تورکیدا عەقیدبوو. کەمال فەوزی رۆژنامەنووس و دوکتۆر فوئاد و کەسانی تر، جگە لەوەش دروشمی خەبات بە ناوی ((پەیڕەوکردنی شەریعەتەوە)) دەورێکی دووەمینی هەبوو لەچاو دروشمی سەرەکی راپەڕینەکەدا: ((سەربەخۆیی کوردستان)). جا ئیتر بۆچی دەبێ کوردان بۆ قازانجی خەلیفەکان رابەری بن و لەوەش زیاتر بۆ شەخسی کوڕەکەی سوڵتانی پێشوو عەبدولحەمیدی دووەم؟ جا ئەگەر لە رۆژانی پێشووی رابوردووی دووردا بزووتنەوەی کوردان لەدژی خەلافەت و سەڵتەنەت و ((تورکیای لاو)) هەبووبن، دەبێ بۆچی شتێکی سەیر و سەمەرەبێ کەوا لە چەرخی هۆشیاربوونەوەی ئاسیادا. لە سەدەی شۆڕشەکانی رزگاریخوازیی نیشتمانیدا، کوردیش لەپێناوی رزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا راست بێتەوە.

بەشێوەی گشتی رۆژێك لە رۆژان دەمارتوندی ئایینی لە رەوشتی کوردەکان نەبووە. گەلێك لە خێلە کوردەکان هەر بە رواڵەت باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێنابوو. هەروا مەزهەبەکانی ئیسلام یەکەمجار لەناو کوردەکاندا پەرەی سەند. هەندێك لەو هۆزانەی ئیسلام نەبوون لە بزووتنەوەی راپەڕینەکاندا بەشداربوون وەك یەزیدییەکان و زازاییەکان و هی تر. ئەم ئایینانەی کە بەشێکی زۆری باوەڕی دیان و بتپەرستیان تێدایە، بەزۆری لەدژی یەکتری بوون. مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەوە

دەسەڵمێنی کە کوردەکان هەمیشە خەباتیان کردووە لەدژی دەسەڵاتی سوڵتان و دەزگایەکەی، ئەو دەزگایەی کە بە درێژایی چەندان سەدە سیاسەتی چەوسانەوەی لە دژیان پەیڕەو دەکرد، هەموو ئەمانە ئەوە دەسەڵمێنن کە خەلیفە و سوڵتانەکان شتێکی وایان نەدا شایانی باس بێ.

گێڕانەوەی سوڵتانێتی ئەرستۆکراتی مانای بوژاندنەوەی دەوڵەتی نێوەندیی بیروکراتی بوو، کە مافی نەتەوەکانیتری پشت گوێ خستبوو. ئەمەش بەلای کوردەکانەوە سیاسەتی چەوسانەوە و نەبوونی مافە نەتەوەییەکان بوو.

بێگومان، لەژێر دروشمی ڕێزگرتنی ئیسلامدا. ڕابەرانی کورد هەوڵیاندا دەسەڵاتی شێخەکان بەکاربێنن. بۆ ئەوەی بیکەنە دروشمێك بۆ بیروباوەڕی نەتەوە پەروەرییان. لەبەر ئەوە توانییان پشتگیری موسڵمانەکان لە وڵاتدا بە تورکەکانیشەوە زامنبکەن. لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە تورکیای دواکەوتوودا، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتدا کە جیاوازی چینایەتییان تێدا ئاشکرا نەبوو. بەتایبەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دەکرا بزووتنەوەی نیشتمانی کورد بە پەردەیەکی ئایینی داپۆشرێت. هەموو ئەم ڕاستییانە ئەوە دەسەڵمێنن کە دروشمی ((ڕزگارکردنی ئایین)) لە کەمالییەکان، لەلایەن ڕاپەڕیوەکانەوە تەنیا وەك تاکتیك بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەییان بەکاردەهێندرا. هات و هاواری ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی تورکیا دەربارەی ئەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید کۆنەپەرستانەیە بە گوێی کەسدا نەدەچوو بەشێکی کەم نەبێ. ئەو ڕۆژنامانە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی نیشتمانی کورد

بەدناو بکەن. ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو، چونکە کەمالییەکان مەسەلەی کوردیان بەکارهێنا و راپەڕینەکەی کوردیان لەبەردەمی رای گشتی وڵات و دەرەوەیدا سووك دەکرد و بەزۆر ناتۆرە ناویان دەبرد وەك: دواکەتوویی کۆنەپەرستی، دڕندەیی، تاڵان و برو، دەمارگیری ئایینی و شتی وا.

دواجار، بیروڕای سێیەم، کورتەی ئەم بیروڕایەش ئەوەبوو کە راپەڕینەکە دەستکردی بێگانەیەو، بەتایبەتی دەستکردی ئینگلیزەکانە، دیارە پەسەندکردنی ئەم چەشنە لاف لێدانە گەلێك مەرجی پێدەوێ. لەم بارەیەوە وتاردانی نوێنەری حزبی پێشکەوتووی کۆماری رەشید پاشای نوێنەری ئەرزرۆم بۆ رۆژنامەکانی تورکیا لە ٢٦ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ دا سەرنج رادەکێشێ: ((...... دەربارەی چیرۆکی دەست تێوەردانی بێگانە، من باوەڕناکەم راست بێ چونکە غینج و موش زۆر لە سنوورەوە دوورن. جا ئەگەر راپەڕیوەکان پشتیان بە یارمەتی دەرەوە ببەستایە ئەوا دەبوو لەناوچەکانی نزیك سنووردا جموجۆڵیان بکردایە و لەگەڵ خێڵەکانی ئەم ناوچانەدا یەکیان بگرتایە کە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری تورکیای تێدا نییە))(*).

بەجۆرە دەردەکەوێ کە راپەڕینەکە بە هاندانی دەرەوە بەرپا نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی هەندێك هۆی کاریگەر و هەمیشەیی ناوخۆدا بەرپاکرا. یەکێك لەو هۆیانە لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە ناشد حەقی پەیامنێری

(*) B. Cemal, Seyh Sait Isyani. S. S. 2.

رۆژنامەی ((وقت)) لە دیاربەکر کۆی کردوونەوە. ئەوەبوو ناوبراو سەرنجی کۆبوونەوەکانی دادگای سەربەخۆیی دەدا. لە وتاری نوێنەری گشتیدا بۆ بەرگریکردن وەکو ئەو پەیامنێرە وەریگرتووە و وتراوە: ((هۆیەکان و سەرچاوەی ئەم شۆڕشەی دوایی، کە لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی نیشتمانی تورکیای نەمرمان بەرپاکرا، هیچ شتێکی لەوانیتر جیاواز نییە کە لە بوسی و غیر و تفوفین لەمێژە روویانداوە. ئەو نەریت و ئامانجانەی لە شۆڕشی کوردەوە هەڵدەقوڵێن هەر ئەو نەریت و ئامانجانەن کە بوونە هۆی جیابوونەوەی سوریا و فەلەستین)).

هەروا سەرۆکی دادگای سەربەخۆیی لە وتاری کۆتاییدا بۆ تاوانبارانی بە لەسێدارەدان یان کاری سەختی هەمیشەیی حوکم دران گوتی:

((هەندێکتان خراپی دام و دەزگای بەڕێوەبەری حکومەتی کردە بیانوو بۆ بەرپاکردنی راپەڕین، هەندێکیشتان بەرگرییان لە خەلافەت کرد، بەڵام هەر هەمووتان لە یەك مەسەلەدا رێککەوتبوون: کە ئەویش کوردستانێکی سەربەخۆییە))[*].

ئا بەم شێوەیە نوێنەرانی دەزگای بەڕێوەبەریی تورك خۆیان بە هەرحاڵ ناچار بوون دان بە نیوەی راستیدا بنێن سەبارەت بە هۆیە راستییەکانی بەرپابوونی راپەڕینەکەی کوردان.

(*) لەم کتێبە وەرگیراوە:

L. Rambout. Les Kurdes etlec, droit, Paris, 1977, P. 27.

سەرەڕای ئەمەش ئاخۆ دەتوانرێ ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بە ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بەرفراوانی کورد دابنرێت؟ ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەوا وەڵامەکە بە چەشنێکی سەلبی دەبێ، چونکە ڕاپەڕینەکە لەلایەن ڕابەرانی کوردی دەرەوەی تورکیاوە، لەلایەن ڕابەرانی وەك ئیسماعیل ئاغای سمکۆ، شێخ مەحموودی حەفید و ئەوانیترەوە پشتگیری لێنەکرا و یارمەتی نەدرا. سەرەڕای ئەمە تەنانەت هەندێك لە خێڵەکانی کوردستانی تورکیاش وەك خێڵی لولان، فورمیك و کوردەکانی دەرسیم و هەندێکی تر پشتگیری ڕاپەڕینەکەیان نەکرد. لەوەش زیاتر بەشێکیان هاوشانی کاربەدەستانی تورکیا ڕاوەستان. ئا لێرەدا تاڕادەیەك جیاوازی ئایینی و مەزهەبی نێوان خێڵەکان دەوری هەبوو، بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەبوو زۆریان. بۆ نموونە وەکو کوردەکانی دەرسیم باوەڕیان بە توانای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید نەبوو، لەبەرئەوە حەزیان نەدەکرد خۆیان بخەنە مەترسی و تالووکەوە. یەکێك لە تراژیدیای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەبوونی کاری هاوبەشی یەکگرتووی نێوان سەرکردەکانیەتی، کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا ڕۆیشتوون، واتە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو پێکنەهاتبوو. ویڕای ئەوەش دەتوانرێ و بەڵکو پێویستە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بە ڕاپەڕینێکی میللی دابنرێت، چونکە زۆربەی کوردەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات و هەموو توێژە کۆمەلایەتییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بەشدارییان تێداکرد. لە جوتیارەوە تا ڕەوەندەکان و نوێنەرانی بورژوای

بازرگـان و شـێخەکان و ئاغاکـان و رۆشـنبیرانی عەسـکەری و مـەدەنی و تەنانەت حەمالەکانی ئەستەمبۆلیش دیارە بەشداریکردنی ئەم توێژانە لـەم بزووتنەوەیەی کورددا بە تەنیا لەبەر ئامانجی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو هەروا ئامانجی خۆیشی تێدابوو، بەڵام ئەمە رێگەی لێنەگرتن کە ریزەکانی خۆیان یەکخەن تا پاڵەوانانە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بمرن. لەبەر ئەمـە بێ گوێدانە ئامـانجی چـینایەتی تەنگەبـەری دەرەبەگـە گـەورە کوردەکـان راپەڕینەکەی شێخ سەعـید وەکو راپەڕینەکانی پێشووتری کوردان و ئەوانی دواییشی خاسیەت و سروشتێکی رزگاریخوازانەی هەبوو.

سەرنجێکی پێویست لە وەرگێڕی کوردییەوە

ئیحسان نوری پاشا لە یادداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی دەڵێ: ئەم زاتانەی خوارەوە لە ٧ی نیسانی ١٩٢٥ دا لەگەڵ شێخ سەعید لە شاری دیاربەکر لەسێدارە دران:

١- د. فوئاد
٢- بالولی عالی رەزا
٣- شێخ شەریف
٤- شێخ عەبدوڵڵا
٥- سرمانلی حسێن
٦- تبجیکلی حسێن
٧- بالآزادە بەهائەدین
٨- شێخ ئیبراهیم
٩- چاباقچورلی تەیب
١٠-جورملی حاجی حسێن
١١- شەریف عەبدولرەحیم
١٢- توفیق ئاغا
١٣- کەمال فەیزی بەدلیسی
١٤- شێخ عەبدولقادر نەهری.

خوێنەری خۆشەویست!

ئەم لیستەیەی یادداشتەکەی ژەنـەڕاڵ ئیحـسان نـوری پاشـا کـە هەنـدێك جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە کتێبەکەی د. حەسرەتیاندا هاتووە، بە مەبەسـتی سـەرنجدان و لێکۆڵینـەوە نووسـیمان و هیـواداریـن لـە دوارۆژا لـەم رووەوە هەندێ زانیاری راست و رەوان بڵاوبکەینەوە....لەگەڵ سوپاس.

لیستی تەواوی ناوەکان

ئیسماعیل ئاغا سمکۆ.

شێخ ئیسماعیل (برای شێخ سەعید).

ئەنیس بەگ.

ئیسماعیل حەقی.

ئیسماعیل (رائیدی تەقاویتکراو).

شێخ ئیسماعیل (جزیری).

ئەحمەدی عەلی حاجی سەبری.

شێخ ئەیوب.

ئارمسترۆنگ.

باڤی نازێ.

باڤی شیرین.

بەیتار نوری (دێرسیمی).

بەحری.

بوزان ئاغا.

بابۆ.

بەحری ئەمین (رائیدی تەقاویتکراو).

بوغوس (ئاسنگەر).

پیرەمێرد (حاجی تۆفیق).

تەیمور ئاغا.

جەمیل بەگ (وەزیری ناوخۆ).

جەمال (مەلا - مامۆستای سەرەتایی).

جەلال دەباغ.

حەسرەتیان. م. دکتۆر.

حوسەین بارزانی.

حەسەن خەیری.

حوسنی ئەفەندی (ملازمی یەکەم).

حەسان (فەقێ).

حەسەن (حاجی).

حەتۆ.

حاجی ئاختی (پارێزەر).

حەمید.

حوسێن.

خالد جبری بەگ (عەقید). خالد جبران بەگ.

خالد حوسنی بەگ (خالد حەسەنان بەگ).

خۆجە عەسکەری.

خالد عەبدولحەمید (حاجی).

دیو ئۆغلۆ حسێن.

رەئووف بەگ.

رەجەب بەگ (بەکر)- وەزیری بەرگری.

رەشید ئاغا.

رەشید (چەرکەسی).

شێخ سەعیدی شێخ مەحموودی شێخ عەلی (نەقشبەندی).

سەعید رەزا.

شێخ سەراج.

سلێمان.

شێخ شیڤیّ.

شمسەددین خالد حەسەنان بەگ.

شەوکەت.

سری بەگ.

سالح بەگ.

حاجی صادق.

شێخ تاهیر (برای شێخ سەعید).

شێخ عەلی سەبتی.

عەلی رەزا (عالی رەزا).

سەید عەبدولقادر نەهری.

شێخ عەبدولرەحیم.

عومەر فارو.

عیسمەت پاشا.

عەلی جەمال (میراداجی) پارێزەر.

شێخ عەبدولرەحمان.

شێخ عەبدوڵڵا.

عەلی کەمالی برای گوجوك محەمەد ئەفەندی.

عوسمان نوری.

عەباسی کوڕی شێخ سەعید.

عیسمەت ئینۆنۆ.

عەلی فوئاد پاشا.

شێخ عەبدوڵڵا (میلیکانی).

مەلا عەلی ئیمام.

شێخ عەبدوللەتیف (جەزیری).

عەبدولمەجید (داواکاری گشتی لە مەلازگرد).

عەلی سائیب. عەبدولحەمیدی دووەم (سولتان).

شێخ غالب.

فەرید پاشا (وەزیری پێشووی جەنگ).

فەوزی پاشا (چەقماق) سەرۆکی ئەرکان.

فەتحی بەگ (سەرۆکی حکومەت).

فەرەیدون فیکری بەگ (نوێنەری دەرسیم).

دکتۆر فوئاد بەگ.

قاسم جبران.

قاسم (رائیدی تەقاویتکراو) (فارتو).

کازم قەرەبەکر پاشا.

کازم پاشا (ئوربای).

کوسیل پاشا (سەرۆکی کەنیسە).

کیلیچ عەلی.

کەمالەدین سامی پاشا (ژەنەڕاڵ).

کورعەبدوڵڵا سعادی.

کەمال فەوزی.

کامل.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد.

گوچەك محەمەد خولیۆس ئەفەندی.

شێخ مەحموودی حەفید.

حاجی موسا.

شێخ مەحموود شێخ عەلی.

شێخ مەحموود.

مستەفا کەمال (ئەتاتورك).

مستەفا عاسم (ملازم).

شێخ محەمەد رەشید.

محەمەد سەعید نەقشبەندی (شێخ سەعید).

محموود عیزەت بەگ - وەزیری دادپەروەری.

محەمەد ئاغا.

سەید محەمەد نەهری.

محەمەد.

محەمەد موکری (ملازم).

موفتی بەگ (سەرۆکی دادگا).

مەقسوود.

نایف.

نیازی (فەرمانبەری تەندروستی).

ناشد حەقی.

نیعمەت.

نەجیب ئاغا.

نازم پاشا.

یوسف زیا.

یوسف.